


www.kurdchannel.com
www.kurdchannel.org
kurdchannel@info.com
kurdchannel@info.org
FAX: 00442079003137

کاتی بڵاو بوونه‌وه‌:
سه‌عات ٢٢/٣٠ تا ٢٤
به‌ کاتی تاران

دابینکردنی مافه‌ نه‌ته‌وایه‌تی‌یه‌کانی گه‌لی کورد له‌ چوارچێوه‌ی ئێرانێکی دێمۆکراتیکی فیدراڵی‌دا

# کوردستان

www. kurdistanukurd.com

ژماره‌: ٤٦٨

ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان ـ ئێران

سێ شه‌ممه‌ ● ٣٠ی گه‌لاوێژی ١٣٨٦ ● ٢١ی ئووتی ٢٠٠٧ ● ١٥٠ تمه‌ن

له‌ په‌یامی ده‌فته‌ری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان به‌ بۆنه‌ی ٢٥ی گه‌لاوێژه‌وه‌:

# ده‌سکه‌وته‌کانمان له‌ ئێرانی داهاتوودا به‌ قه‌د تواناکانمانه‌، تواناکانیشمان له‌ گره‌وی یه‌کگرتنمان دایه‌

## له‌ ڕێوره‌سمێکی به‌ شکۆدا، شه‌ست و دووهه‌مین ساڵوه‌گه‌ڕی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕێزی لێ گیرا



کوردستان و کورد: به‌ به‌شداریی زیاتر له‌ هه‌زار که‌س له‌ ئه‌ندامان و لایه‌نگرانی حیزب و نوێنه‌رانی حیزب و ڕێکخراوه‌ کوردستانییه‌کان یادی دامه‌زرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان به‌رز ڕاگیرا. کاتژمێر ٦ی دوانیوه‌ڕۆی پێنج شه‌ممه‌ ٢٥ی گه‌لاوێژ له‌ ڕێوره‌سمێک دا که‌ له‌ بنکه‌ی ده‌فته‌ری سیاسیی حیزب پێک هات یادی دامه‌زرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کرایه‌وه‌.

ڕێوڕه‌سمه‌که‌ به‌ سروودی نه‌ته‌وه‌یی کوردستان (ئه‌ی ره‌قیب) ده‌ستی پێ کرد. شایانی باسه‌ له‌ ماوه‌ی وترانه‌وه‌ی سروودی نه‌ته‌وایه‌تی دا نوێنه‌رانی سێ به‌ره‌ی حیزبی دێموکراتی کوردستان به‌ شێوه‌یه‌کی سه‌مبولیک ئاڵای کوردستانیان بۆ یه‌کدی گواسته‌وه‌. دواتر کاک حه‌سه‌ن ره‌ستگار په‌یامی ده‌فته‌ری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی به‌م بۆنه‌یه‌وه‌ پێشکێش کرد.

بڕگه‌کانی دیکه‌ی ئه‌م ڕێوڕه‌سمه‌ بریتی‌بوون له‌:

ـ خوێندرانه‌وه‌ی دوو پارچه‌ شێعر له‌ لایه‌ن شاعیران ترووسکه‌ سادقی و جه‌مال نه‌جاڕی ـ دوو تابلۆی هه‌ڵپه‌رکێ له‌ لایه‌ن گرووپێک پێشمه‌رگه‌ی دێرین (ژن و پیاو) و گرووپی چوار چرا ـ پێشکێش کرانی ده‌سته‌ گوڵی قایمقامی کۆیه‌ ـ پێشکێش کرانی تابلۆی وێنه‌ی شه‌هید قاسملوو له‌ لایه‌ن هونه‌رمه‌ند ماریا ره‌زاقییه‌وه‌ به‌ ڕێبه‌رایه‌تیی حیزب و مامۆستا عه‌بدوڵڵا حه‌سه‌ن زاده‌ـ پێشکێش کرانی ئاڵایه‌کی کوردستان به‌ ڕێبه‌رایه‌تیی حیزب که‌ خاتوو مه‌یسوون ره‌سووڵی سازی کردبووو کردبوویه‌ دیاری بۆ ئه‌و بۆنه‌یه‌ ـ گۆرانییه‌ک له‌ لایه‌ن خاتوو شیرین مه‌حموودیه‌وه‌ ـ به‌ڕێوه‌چوونی دوو نواندنی وه‌رزشی له‌ لقه‌کانی کۆنگ فۆ ژیمناستیک دا له‌ لایه‌ن به‌شی وه‌رزشی کۆمیسیۆنی لێکۆڵینه‌وه‌و فێرکردنی حیزبه‌وه‌ ـ چه‌ند سروودی شۆڕشگێری له‌ لایه‌ن کۆڕسی کۆڕی هونه‌رییه‌وه‌. ـ مه‌قامێک له‌ لایه‌ن ساوێن حه‌میده‌وه‌.

جێگای وه‌بیر هێنانه‌وه‌یه‌ هونه‌رمه‌ند سمایل سه‌رده‌شتی هه‌م له‌ نێو بڕگه‌کانی ڕێوره‌سمه‌که‌داو هه‌میش له‌ کۆتایی ڕێوره‌سمه‌که‌دا به‌ چه‌ند گۆرانی ڕێوره‌سمه‌که‌ی ڕازانده‌وه‌.

## په‌یامی ده‌فته‌ری سیاسی

## به‌ بۆنه‌ی ٦٢ ساڵه‌ی دامه‌زرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانه‌وه‌

میوانه‌ به‌ڕێزه‌کان! هاوڕێیانی خۆشه‌ویست!
ئه‌ندامان و لایه‌نگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان!
سڵاوتان لێ بێ

ئه‌مڕۆ لێره‌ کۆبووینه‌وه‌ یادو بیره‌وه‌ریی ٦٢ ساڵه‌ی دامه‌زرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان جێژن بگرین، حیزبێك كه‌ به‌ردی بناخه‌ی به‌ ده‌ستی به‌توانای پێشه‌وا قازی محه‌ممه‌د له‌ شاری مه‌هاباد دانرا. سڵاو ده‌نێرین بۆ گیانی پاكی دامه‌زرێنه‌ری حیزبی دیموكراتی كوردستان پێشه‌وا قازی محه‌ممه‌دو ڕێبه‌رانی شه‌هیدی دیكه‌ی حیزب و تێكڕای ڕۆڵه‌ گیانبه‌ختكردووه‌كانی ئه‌م حیزبه‌. به‌م بۆنه‌ پیرۆزه‌شه‌وه‌ پیرۆزبایی له‌ هاوڕێیانی حیزبی به‌ تایبه‌تی و، خه‌ڵكی كوردستان به‌ گشتی ده‌كه‌ین.

حیزبی دیموكرات له‌ سه‌ر قه‌واره‌و ڕێكخراوی كۆمه‌ڵه‌ی "ژ. ك" دامه‌زرایه‌وه‌ كه‌ ساڵانێك بوو له‌و مه‌ڵبه‌نده‌، له‌ ڕۆژهه‌ڵاتی كوردستان تێكۆشانی هه‌بوو. حیزبی دیموكراتی كوردستان هه‌ڵقوڵاوو گووراوی هه‌لومه‌رجی سه‌رده‌می خۆی بوو، هه‌لومه‌رجێك كه‌ جیهانی به‌ هۆی شه‌ڕی دووه‌می جیهانی هه‌ژاندبووو ناوچه‌ی ڕۆژهه‌ڵاتی ناوینی به‌ كوردستانیشه‌وه‌ گرتبۆوه‌. وڵاتی ئێران له‌ لایه‌ن هاوپه‌یمانان (ئه‌مریكاو بریتانیاو شۆره‌ویی ئه‌وده‌م) داگیر كرابوو، ده‌سه‌ڵاتی دیكتاتۆری ره‌زا شای په‌هله‌وی كه‌ ده‌یویست شوناسی گه‌لی كوردمان له‌ ڕۆژهه‌ڵاتی كوردستاندا بگۆڕێ تێك شكێندرابوو، خه‌ڵكی كوردستان به‌شێكی به‌رچاویان له‌ خاكی كوردستان له‌ ده‌ست ئه‌رته‌ش و ژاندارمه‌ی ڕێژیمی په‌هله‌وی ڕزگار كردبوو.

به‌ڵێ دروست له‌م ساته‌وه‌خته‌دا پێشه‌وای بلیمه‌تی كورد به‌ هه‌ست كردن به‌ به‌رپرسایه‌تی،و به‌ ده‌ركی هه‌لومه‌رجی سیاسیی ناوچه‌كه‌، كزی و لاوازیی ڕێژیمی په‌هله‌وی، بوون و مه‌وجوودییه‌تی حیزبی دیموكراتی كوردستانی له‌م ڕۆژه‌ پیرۆزه‌دا واته‌ ٢٥ی گه‌لاوێژی ساڵی ١٣٢٤ی هه‌تاوی به‌ خه‌ڵكی كوردستان و گه‌لانی ئێران و جیهان ڕاگه‌یاند. پێشوازیی گه‌رم‌وگوڕی كۆمه‌ڵانی خه‌ڵكی ڕۆژهه‌ڵاتی كوردستان و ته‌نانه‌ت ئازادیخوازانی به‌شه‌كانی دیكه‌ی كوردستانیش له‌ حیزبی دیموكراتی كوردستان بێ‌وێنه‌ بوو. چه‌ند مانگ دواتر واته‌ له‌ ٢ی ڕێبه‌ندانی ١٣٢٤دا كۆماری كوردستان به‌ سه‌رۆكایه‌تیی پێشه‌وا قازی محه‌ممه‌د له‌ شاری مه‌هاباد ڕاگه‌یه‌ندرا. ساڵێك دواتر ئازادیخوازانی باشووری كوردستان به‌ سه‌رۆكایه‌تیی بارزانیی نه‌مر پارتی دیموكراتی كوردستانیان هه‌ر له‌و شاره‌ دامه‌زراند، كه‌ ئێستا هاوپه‌یمان له‌گه‌ڵ یه‌كیه‌تیی نیشتمانیی كوردستان ده‌ورێكی گه‌وره‌و مێژوویی ده‌گێڕن له‌ پاراستنی حكوومه‌تی فیدراڵی عێراق و هه‌رێمی كوردستان و ده‌سكه‌وته‌كانی گه‌لی كوردمان له‌ باشووری كوردستان داو جێگای هیواو هومێدن بۆ به‌شه‌كانی دیكه‌ی كوردستانیش.

٢

## ڕاگه‌یه‌ندراوی ده‌فته‌ری سیاسی له‌ پێوه‌ندی له‌گه‌ڵ کرده‌وه‌ تیرۆریستییه‌کانی ١٥ی ئووت له‌ شه‌نگالدا



له‌ ڕێکه‌وتی ٢٠٠٧/٨/١٥، چوار کرده‌وه‌ی تیرۆریستی هاوکات و به‌به‌رنامه‌ له‌ قه‌زای شه‌نگال سه‌ر به‌ پارێزگای موسڵ ئه‌نجامدرا. تا ئێستا زیاتر له‌ ٥٠٠ که‌س کوژراون و نزیک ٤٠٠ که‌سی دیکه‌ش بریندار بوون که‌ برینی به‌شێکیان قورسه‌ و مه‌ترسی مه‌رگیان لێ ده‌کرێ.

هه‌رچه‌ند مه‌به‌ستی تیرۆریستان له‌ عێراق نائه‌من کردنی ئه‌و وڵاته‌و دووبه‌ره‌کی خستنه‌ نێو نه‌ته‌وه‌و ئایین و مه‌زهه‌ب و گرووپه‌ ئه‌تنیکییه‌ جیاوازه‌کان و کۆسپ خستنه‌ سه‌ر ڕێگای هه‌وڵی هه‌موو لایه‌نه‌ ئاشتیخوازه‌کانه‌ بۆ بنیاتنانی وڵاتێکی ئارام و یه‌کگرتوو و پێشکه‌وتوو، به‌ڵام کات و شوێنی ته‌قینه‌وه‌که‌ ئه‌وه‌ نیشانده‌دا که‌ مه‌به‌ستی تیرۆریستان له‌م کرده‌وه‌ خوێناوییه‌دا، جیا له‌و مه‌به‌ستانه‌ی که‌ ئاماژه‌یان پێ‌کراوه‌، هه‌وڵێکی نه‌زۆکانه‌یه‌ بۆ زیاتر قووڵکردنه‌وه‌ی جیاوازییه‌ ئایینییه‌کان و هه‌ڵکه‌ندنی کورده‌ یه‌زیدییه‌کان له‌ شوێنی باب و باپیرانیان و ئاواره‌کردنیان به‌مه‌به‌ستی داگیرکردنی زێد و خاکیان.

له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌دا، ده‌زانین ئه‌م هه‌وڵه‌و هه‌ر هه‌وڵێکی دیکه‌ی له‌م جۆره‌ ناتوانێ گه‌لی کورد له‌ خه‌بات و تێکۆشان بۆ دابینکردنی مافی دیاریکردنی چاره‌نووس پاشگه‌زبکاته‌وه‌و گه‌لی کورد بۆ پاراستنی هه‌ر بسته‌ خاکێکی کوردستان له‌ هه‌موو شێوه‌ خه‌باتێکی دروست که‌ڵک وه‌رده‌گرێ.

حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ئه‌م کرده‌وه‌ تیرۆریستییه‌ مه‌حکوم ده‌کاو سه‌ره‌خۆشی له‌ حکوومه‌تی هه‌رێمی کوردستان و که‌سوکاری قوربانیان ده‌کاو هیوای چاکبوونه‌وه‌ی هه‌رچی زووتر بۆ برینداران ده‌خوازێ.

ده‌فته‌ری سیاسی
حیزبی دێموکڕاتی کوردستان
١٦ ئووتی
٢٠٠٧ی زایینی



په‌یامی ده‌فته‌ری سیاسی به‌ بۆنه‌ی ٦٢ ساڵه‌ی دامه‌زرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانه‌وه‌ ٢



په‌یامی ده‌فته‌ری سیاسی بۆ کۆنگره‌ی چواره‌می یه‌کیه‌تیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران ٤



د.قاسملوو یه‌که‌م ڕێبه‌ری ئۆپۆزیسیۆن و ڕێفۆرمیستی نێو حیزبی دێموکرات ٥



مزگێنیده‌رانی به‌هه‌شت و نێڵده‌رانی جه‌هه‌ننه‌م ٨




تایبه‌تنامه‌ی ٦٢ ساڵه‌ی دامه‌زرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

درێژەی

# پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزب

دوژمنانی ئازادیی نەتەوەی کورد زۆریان هەوڵ داوەو هەوڵ دەدەن ئەم رۆژە پیرۆزانە لە مێژووی خەباتی ئازادیخوازانەی نەتەوەی کورددا بسڕنەوە یان کەم رەنگیان کەنەوە، بەڵام بە دڵنیایی‌یەوە هەرگیز سەرکەوتوو نابن.

هاوڕێیان! خەباتی ئازادیخوازانەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ماوەی ٦٢ ساڵی رابردوودا بە زۆر قۆناخی ناسك‌و ئەستەم‌دا تێپەڕیوە، هەورازو نشێوی زۆر بڕیوە، تامی سەرکەوتن‌و شکستی چێشتوە، رێبەرانی بلیمەت‌و گەورەی وەکوو پێشەوا، قاسملوو، شەرەفکەندیی لە دەست داوە بەڵام لەبەر ئەوەی هەمیشە ئاڵاهەڵگری ویست‌و داخوازی‌یەکانی خەڵکی کوردستان بووە لە مەیدانی خەباتی ئازادیخوازانەی رۆژهەڵاتی کوردستاندا بەسەربەرزی ماوەتەوە. ئێستاش جێ‌متمانەی زۆربەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە.

شانازی کردن بە کۆماری کوردستان‌و ئاکامەکانی هەم بۆ ئێمە وەکوو حیزب، هەم بۆ نەتەوەکەمان رەواو لە جێی خۆی دایە. هەموو نەتەوەکانی سەر گۆی زەوی رۆژانی مێژوویی تایبەت بە خۆیان هەیە کە شانازیی پێوە دەکەن‌و جێژنی بۆ دەگرن. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو شانازییانە قەتیس مانەوە لە رابردوودا بۆ حیزبێکی سیاسی کە خەباتی ئازادیخوازیی گەلی کورد بەرێوە دەبات هەڵەیەکی گەورەو مەترسیەکی سامناکە. بۆیە دەبێ بە چاوێکی رەخنەگرانەوە سەیری رابردوومان بکەین‌و هەڵەکانمان لە برگە جۆربەجۆرەکانی زەمان دا ببینین‌و هەوڵی دووپات نەبوونەوەو قەرەبوو کردنەوەیان بۆ بدەین.

هەموومان دەزانین ئێستا گۆڕانێکی قووڵ‌و بنەڕەتی بەسەر وەزعی سیاسی‌و جیهان‌و رۆژهەڵاتی نێوەراست دا هاتوە رێژیمی دیکتاتۆریی سەدام لە عێراق رووخاوەو حکوومەتێکی فیدراڵ جێگای گرتۆتەوە، گەلی کوردمان لەم بەشە لە کوردستان دەسکەوتی زۆر بە نرخ‌و بەرچاوی بەدەست هێناوە کە لە دەستووری بنەرەتی‌و هەمیشەیی عێراق دا چەسپاوەو راپرسی گشتیی کۆمەڵانی خەڵکی عێراقیش بە هەموو نەتەوەو کەمایەتیەکانیەوە دەنگی ئەرێیان بۆ داوە، گەلی کورد لە چوارچێوەی ئەو دەستوورەدا خاوەنی حکوومەت‌و پارلمان‌و یاسای تایبەت بە خۆیەتی.

حکوومەتی تورکیە لە ژێر تەوژمی خەباتی ئازادیخوازانەی گەلی کورد لە باکووری کوردستان‌و بیروڕای گشتیی جیهانیدا ناچار بووە لە هێندێك بیروبۆچوونی رەگەزپەرستانە پاشەکشە بکاو دان بە بوونی کورد لە وڵاتی تورکیەدا بێنێ‌و رواڵەتی دێموکراسی لەبەرچاو بگرێ. هەر چەند حکوومەتی تورکیە تا ئێستا هیچ هەنگاوێکی بەکردەوەی بۆ چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد لەو وڵاتە نەناوە، بەڵام لە هەڵبژاردنی ئەم دواییانەی پارلمانی ئەو وڵاتەدا، کوردەکان توانیان بە شێوەیەکی وشیارانە ٢٢ نوێنەر رەوانەی پارلمانی تورکیە بکەن، کە ئەمەیان رەنگە ببێتە نوختە گۆڕانێکی گرینگ لە سیاسەتی دەیان ساڵەی حکوومەتی تورکیە سەبارەت بە کێشەی کورد لەو وڵاتەدا.

رێژیمی ئاخوندیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەهۆی سیاسەتی ئاژاوەگێڕی لە ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەراست‌و پشتیوانی‌و یارمەتیی راستەوخۆ و ناراستەوخۆ بە تاقم‌و گروپە تێرۆریستی‌یەکان‌و هەروەها هەوڵ دان بۆ بەدەست هێنانی چەکی ئەتۆمی رۆژ بە رۆژ لە کۆمەڵگای جیهانی دوور دەخرێتەوەو دوورە پەرێز دەکرێ. تا ئێستا دوو سزای نێودەوڵەتی بەسەردا سەپاوەو چاوەروانی سزای سێهەمیش دەکرێ کە بەم زووانە لەلایەن شوورای ئەمنییەتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بە سەری‌دا بسەپێنرێ. کە بەبۆچوونی پسپۆران‌و کارناسانی ئابووری‌و سیاسی رەنگە پشتی رێژیمی ئێران بشکێنێ. جاران کە رێژیمی ئاخوندیی ئێران بە تەماح وەبەرنان‌و بەفیرۆدانی سەروەت‌و سامانی گەلانی ئێران دەیتوانی لە نێوان وڵاتە زل هێزەکانی جیهاندا مانۆر بداو لە ناتەبایی بەرژەوەندییەکانیان کەڵك وەربگرێ ئێستا ئەو سیاسەتەش کارایی‌یەکی ئەوتۆی نەماوە و بۆ هەموو لایەکیان روون بۆتەوە مانەوەی رێژیمی کۆماری ئیسلامی بە شێوەی ئێستای مەترسیی هەیە بۆ ئارامی ناوچەکەو ئاشتی جیهانی بۆیە کۆدەنگیەکی گشتیی جیهانی لە گۆڕێ دایە بۆ بەربەست کردنی سەرەرۆیەکانی ئەو رێژیمە. بەم پێیە کاربەدەستانی رێژیمی ئاخوندی کۆماری ئیسلامی، وڵاتی ئێرانیان بەرەو هەڵدێرێك بردووە، کە چاوەروانی هەموو جۆرە رووداو کارەسات‌و ئاڵگۆڕێکی تێدا بەدی دەکرێ. وەزعی نێوخۆی رێژیم لە وەزعی دەرەوەی باشتر نییە، نارەزایی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بە هەموو نەتەوەو چین‌و توێژە کۆمەڵایەتیەکانەوەو لەو پەڕی خۆی دایە، سەرەڕای سەرکوتی بێ‌بەزەییانەو ئەشکەنجەو زیندان، مامۆستایان، کرێکاران، خوێندکاران، کاسبکاران، ئازادیخوازانی نەتەوەکانی ئێران بە کوردو ئازەری‌و بلووچ‌و عەرەبەوە هەر جارە بە جۆرێك بۆ بەدەست هێنانی ئازادی‌و مافی خوراوی سینفیان، خۆپێشاندان‌و مانگرتن بەڕێوە دەبەن. هەژاری‌و بێکاری، خووگرتن بە ماددە سرکەرەکان هەتا دێ لە زیاد بوون دایە، پسپۆرو بیرمەندەکان بە رێژەیەکی زۆر وڵاتی ئێران جێ دەهێڵن‌و رادەکەن، جودابیران‌و رۆژنامەنووسانی سەربەخۆ هەر رۆژە بە بیانوویەك رەوانەی زیندان دەکرێن‌و سەرەڕای ئەشکەنجەو ئازاری زۆر لە بێدادگاکانی رێژیم دا حوکمی زیندانی درێژخایەنیان بەسەر دا دەسەپێنن. تەنانەت بۆ هێندێکیان بڕیاری لە سێدارە دانیان بۆ دەدەن، وەکوو دوو لاوی رۆژنامەنووسی کورد، عەدنان حەسەن پوورو هیوا بۆتیمار. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەو زەبرو زەنگو سەرکوتانە گەلی کوردمان لە رۆژهەڵاتی کوردستان رۆژ بە رۆژ شێلگیرتر دەبێ لە سەر خەبات بۆ وەدەستهێنانی ماف‌و ئازادییەکانی. رێژیم کە لە سەرەتای هاتنە سەر کاریەوە توانیبووی بە بیانووی ئۆگریی ئایینی خەڵکانێك لە نەتەوەکانی ئێران فریو بدا ئێستا ئەو ریاکاریەش کارایی نەماوەو گەلانی ماف خوراوی ئێران بە تایبەتی میللەتی ئازەربایجانی‌و گەلانی عەرەب‌و بلوچ‌و تورکەمەنەکان رۆژ بە رۆژ خەباتی خۆیان بۆ بەدەست هێنانی مافەکانیان.توندو تۆلتر دەکەن.

کەوابوو لە هەل‌ومەرجێکی ئەتۆدا کە رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە دەرەوە، کەوتۆتە بەر تەوژمی دەست هەڵگرتن لە ئاژاوەگێڕی‌و پاوانخوازی‌و لە ژوورەوەی وڵاتیش کەوتۆتە بەر شەپۆلی نارەزایەتی‌و مافخوازیی گەلان‌و کۆمەڵانی خەڵکی ئێران، پێویستە و دەبێ هێزەکانی نێو بزووتنەوەی ئازادی‌خوازیی رۆژهەڵاتی کوردستان بە هەموو حیزب‌و رێکخراوو کەسایەتییە نیشتمان پەروەرەکانیەوە، تێ‌روانین‌و رەفتاری خۆیان سەبارەت بە یەکتر بگۆڕن‌و بەرەو یەکگرتن برۆن، راستە زەحمەتە بەڵام نامومکین نیە. لەم روانگەیەوە حیزبی دێموکراتی کوردستان ئامادەیە بە بێ هیچ پیش مەرجێك لەگەڵ هەموو هێزە ناسراوەکانی سەر گۆڕەپانی خەباتی ئازادیخوازیی رۆژهەڵاتی کوردستان بە بێ جیاوازی، بۆ یەکیەتیی، بۆ یەك ریزی، بۆ پێك هێنانی بەرە یان هەر ناوێکی دیکە بکەوێتە دیالۆگو وتووێژەوە، دەسکەوتەکانمان لە ئێرانی داهاتوو دا بە قەدەر تواناکانمانە تواناکانیشمان لە گرەوی یەك گرتنمان دایە، یەك گرتن لەگەڵ خۆمان، یەك گرتن لەگەڵ گەلانی ماف خوراوی ئێران، یەك گرتن لەگەڵ ئازادیخوازانی سەرانسەری ئێران.

هاوڕێیان سەرەڕای هەموو ئەو دەراوو ئاسۆ روونیە، کە بۆ ئازادیی نەتەوەکەمان‌و دێموکراسی‌و مرۆڤ دۆستی، لە ناوچەکەدا بەدی دەکرێ لەگەڵ ئەو دەسکەوتە بەنرخانەش کە بە هیممەت‌و فیداکاری‌و قوربانی‌دانی زۆری کۆمەڵانی خەڵك‌و هێزە سیاسییەکانی باشووری کوردستان بەدەست هاتوون، مەترسییەکان نەرەویونەوە دوژمنی زۆرمان ماون‌و پیلانگێری‌و بەرژەوەندپەرستی لە جێی خۆیاندان تەنیا هێزێك کە دەتوانێ ئەم پیلان‌و بەرژەوەندییانە لاوازو هەڵوەشێنێتەوە، یەکڕیزی‌و یەك دەنگیی نەتەوەی ئێمەیە. با لەگەڵ رابردووی ناتەبایی خۆمان ماڵئاوایی بکەین‌و بە یەکگرتوویی بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانمان تێ بکۆشین.

سەرکەوێ خەباتی ئازادیخوازانەی نەتەوەیی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان

بڕووخێ رێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران

**بژی کورد**

**بژی کوردستان**

**دەفتەری سیاسی**

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**

**٢٥ی گەلاوێژی ١٣٨٦**

**(٢٠٠٧/٨/١٦)**





## بەشداری لە رێورەسمی بە خاك سپاردنی تەرمی کاك جەبار فەرمان ئەندامی دەفتەری سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستاندا

رۆژی ١٣٨٦/٥/١٩(٢٠٠٧/٨/١٠) هەیئەتێکی دەفتەری سیاسیی حیزب، لە رێورەسمی بە خاك سپاردنی تەرمی خوالێخۆشبوو جەبار فەرمان ئەندامی مەکتەبی سیاسیی ی.ن.ك لە سلێمانی بەشداریی کرد.

هەیئەتیی حیزب کە پێکهاتبوو لە بەرێزان:

کاك جەلیل گادانی ئەندامی راوێژکاری دەفتەری سیاسی،

عومەر باڵەکی ئەندامی دەفتەری سیاسی،

هێمن سەیدی راوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی‌و

رامبود لوتفپووری راوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی و نوێنەری حیزب لە سلێمانی، وێڕای بەشداریی لەو رێورەسمەدا پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبیان گەیاندە مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان .

## پەیامی سەرەخۆشیی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان
## بە بۆنەی کۆچی دوایی کاك جەبار فەرمان

**زۆر بەرێز مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان**

سڵاوێکی گەرم! بە داخەوە هەواڵی کۆچی دوایی خوالێخۆشبوو کاك جەبار فەرمان ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانی‌و پێشمەرگەو فەرماندەری ماندوو نەناسی یەکێتیی نیشتمانیمان پێ گەیشت. بەم بۆنەیەوە سەرەخۆشی‌و هاوخەمیی خۆمان پێشکێشی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان‌و هەڤاڵان‌و کادرەکانی یەکێتی‌و بنەماڵەی خوالێخۆشبوو کاك جەبار دەکەین. دڵنیاین کادیرانی بە ئەزموون و لێهاتووی یەکیەتییەکەتان وەکوو هەموو جارێك لە رابردوودا ئەم جارەش کەلێن و خەساری لە دەست چوونی سەرکردەیەکی یەکێتیی نیشتمانی وەکوو کاك جەبار فەرمان پڕ دەکەنەوە. بۆ ئێوەی بەرێز سەربەرزی‌و سەرکەوتن، بۆ بنەماڵەی بەرێز کاك جەبار فەرمان ساغی‌و سەبووری بە ئاوات دەخوازین.

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

١٩ی گەلاوێژی ١٣٨٦ی هەتاوی

١٠ی ئاگوستی ٢٠٠٧ی زایینی

**هەوڵەکانمان بۆ گۆڕینی دیموکراتیك لەنێو حیزب‌و کۆمەڵ بخەینە گەڕ**

# هەواڵەکان

## چالاکیی تەبلیغیی ئەندامانی ڕێکخستنی نهێنی بە بۆنەی ٦٢ ساڵەی دامەزرانی حیزب

تێکۆشەرانی ڕێکخستنی نهێنیی حیزب، ئەندامانو لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان له درێژەی کارو چالاکییەکانیان دا لە زۆربەی شارو ناوچەکانی کوردستان بە نووسینی دروشمو بڵاو کردنەوەی تراکتو بڵاو کراوەی حیزبیو کردنەوەی ئاور لە بەرزاییەکان پێشوازییان لە ٢٥ی گەلاوێژ ساڵرۆژی دامەزراندنی حیزبی دێموکرات کردوە. ئەم شارو ناوچانە ئەم چالاکییەیانەی لێ بەڕێوە چووە، بریتین لە:

### بانه

بازاڕی کەوش فرۆشان، کوی فەرهەنگیان، گەڕەکەکانی هەمزاوە، ساڵحاوا، هونەرستان، شارەکی ئازادەگان پیرمراد، ئەماکن و دەوروپشتی جادەی سلێمانی، گوڵشەهەر، دەوروپشتی قوتابخانەی نەویدی، دەوروبەری پارکی شارو شارەکی تەوحید، کووچەو دەوروبەری پادگان، پشتی سەداو سیما، بلواری سلێمان بەگ، دەوروپشتی مزگەوتی بەختیاری، قەسابخانەی کۆن، پارکی "معلم" تا نزیك مزگەوتی شێخ جەلالو شەهرەکی نوور، دەوروبەری ئیدارەی "راه"، فەلەکەی فەرمانداری، چەمپاراویەکان، چوارڕێی "ثبت احوال"، شەقامی ئینقلاب تا مزگەوتی جامعه...

### کامیاران

ماکەل بوزوەش، قەلاگای بزوەش، گازر خانی، تیلەکۆ، بان شیرین سوار، لووچکە گاوەسن، بان هێرتەو بڵاو.

### دێوڵان

نێو شارو شارۆچکەی بڵواناوا، گەورە دێی قوڕپچیاو گوندەکانی سیس، زاخەو چەخماخەو بەرزاییەکانی سورمەلیو حەفسواران‌و ڕێی دێوڵان.

### لەیلاخی دێوڵان‌و قوروە

شاخی خاتوون، شوشەرێژو ناوچەی کانی "با".

### بۆکان

گەڕەکی نەساجی، مەجبوورئاوا، کوشتارگا، قوتابخانەی نەجاری، قوتابخانەی دانیش‌و کەوسەر، شەقامەکانی ساحلی، حاجی شاخە، هێمن، مزگەوتی مەلا قادر، مزگەوتی مستەفا تووتیو مزگەوتی حەزرەتی محەممەد، شارۆچکەی میراوا، گوندەکانی گوێجگەلی، مشیرئاباد، ئەرمەنی بلاغی، برایم ئاباد، گامێشگۆلی، قەڵای هۆلاکۆ، خانکەندی، شیناوە، عەسکەر ئاباد، ئاڵی کەند، داشبەند، هەباساوا، گردی قەبران و زۆربەی کورەخانەکانی ساروقامیش.

### پاوە

نێو شار، ئاتەشگە، ژاندارمەریی سابق، کڕیسان، وینیرو هۆڵی.

### سەردەشت

بەرزایی پشت "شیوەبرایمە" گەرەکەکانی دەوروبەری باشگای تەختی، ئیتلاعات، ئازادگان، هیلالی ئەحمەرو سەیرانگای رەزی جۆلای.

### ژاوەرۆ

بەرزاییەکانی دەوروبەری ئاواییەکانی پایگلان، ژنێن، ئاریان، چەشمیەرو بۆرییە، ئاوایی پایگەلان.

### سنە

پاساژی ئاشنا، شەقامی نەمەکی، شەقامی ژاندارمەریی، شەقامی ٦ی بەهمەن، شەقامی غەفووریو شەقامی شەریفاوا.

### کرماشان

بەرزاییەکانی تاق وەسان

### هەورامان

قاوەخانەی چەمەی وەزڵێ، گوندی کەماڵە، گوندی وەیسیە، گوندی سەروپیر.

### تاران

زانستگەی تاران ، زانستگەی سەنعەتی شەریف، زانستگەی ئەفسەری ئیمام عەلیو دەوروبەری، میترۆی تاران‌و بەتایبەت وێستگەی ناوەندی.

### مەهاباد

پشتەپ، بەری شیلان‌و مەدرەسە، باغی شایگان، ئەسحابە سپی، مەیدانی شۆرش، دەوروبەری فەلەکەی سەداو سیما، قوتابخانەی سەلاحەدین ئەیوبی، تەپەی قازی، فەرهەنگیان، گەڕەکی مەنگوڕان، دۆڵی کەروێشکە، تێل بەرقەکان، گوندەکانی ناوچەی شاروێران، چیاکانی دەوروبەری شار.

## بۆکان

### هێزە ئینتیزامییەکان کاسبکارێکیان دەستبەسەر کرد

ڕۆژی یەکشەممە (١٤ی گەلاوێژ) مەئمورانی شارەداریی بۆکان بە پاڵپشتی هێزی ئینتیزامی کاسبکارێکی میوە فرۆشیان دایە بەر پەلامارو بە توندی برینداریان کرد. شایانی باسە سەرکوتکەرانی ڕێژیم بەوەشەوە نەوەستان‌و ئەو کاسبکارەیان دەستبەسەریش کردوە.

### هێزەکانی ڕێژیم کاسبکارانیان دایە بەر دەسڕێژ

ڕێکەوتی ٢٣ی گەلاوێژی ٨٦ لەسەر ڕێگەی گوندەکانی لەگزـ وەتەمیش هێزەکانی ڕێژیم تەقەیان لە ماشێنی کاسبکارێك بە ناوی "محێدین خەلیلی" خەڵکی گوندی هەباس ئاوا کردو لە ئاکامدا زیانی ماددیی پێگەیشت.

هەمان ڕۆژ دیسان هێزەکانی ڕێژیم لە گوندەکانی هەباس ئاوا و داشبەند هەڵیانکوتایە سەر چەند ماشێنێکی کاسبکاران کە هیچ زیانێکی بەدواوە نەبووە.

شایانی باسە ماوەیەکە هێزەکانی ڕێژیم بەشێوەیەکی بەربڵاوتر لە پێشوو کاسبکاران دەدەنە بەر دەسڕێژو هەر لە ڕۆژانی ئەم مانگەدا چەندین کەس لە کاسبکارانیان کوشتوەو بریندار کردوە.

## سنە

### دەرچوونی حوکمی قەمچی لێدان‌و زیندان بۆ ١١ کرێکار

دەرچوونی حوکمی زیندان‌و قەمچی لێدان بۆ ١١ کرێکاری دەستبەسەر کراوی سنەیی لە گەڵ نارەزایەتی ئەوان بەرەو روو بۆتەوە. ئەو کرێکارانە لە کاتی بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی ڕۆژی جیهانیی کرێکاران داو دوا بە دوای پەلاماری هێزە سەرکوتکەرەکان دەستبەسەر کراون‌و جگە لەوەی زیندانیان بۆ بڕدراوەتەوە حوکمی نامرۆڤانەی قەمچی لێدانیان بەسەردا سەپاندوون.

### چارەنووسی ٢ بەندکراو نادیارە

لە چارەنووسی دوو کەسی خەڵکی شاری سنە کە لە ڕێکەوتی ٢٠ی پووشپەڕی ئەمساڵەوە لە لایەن ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری سنەوە دەستبەسەر کراون تا ئێستا هەواڵێك لە دەست دا نیەو تا ئێستا ڕێگە نەدراوە بنەماڵەکانیان چاویان پێیان بکەوێ. ئەم دوو کەسە ناوەکانیان بریتیە لە سەباح دوستیو سەدیق ڕۆستەمی.

### ژمارەیەکی زۆر لە کارمەندان لە کار دەرکران

لە سەرەتای ئەمساڵەوە کاربەدەستانی ڕێژیم لە پارێزگاو شاری سنە دەستیان کردوە بە دەرکردن‌و گوازتنەوەی ئەو کارمەندانەی لە روانگەی ئەوانەوە بە ناخۆمانە دەژمێردرێن.

شایانی باسە ئەم پرۆسەیە لە ژێر ناوی (تعدیل نیرو) هاوسەنگ کردنی هێزی کاردا جێبەجێ دەکرێو کارمەندانی زۆربەی ئیدارەکانی گرتۆتەوە. بۆ وێنە هەر لەم ڕۆژانەدا ٤٤ کارمەندی سنعەتە دەستیەکان لە سەر کار دەرکران‌و بێکار کراون.

## سەردەشت

### زیانی ماددی بە کاسبکاران گەیشت

ڕۆژی سێ شەممە ١٦ی گەلاوێژ هێزە ئینتیزامیەکان لە نزیك ئاواییەکانی بێتووش‌و گوێزڵێ کاروانێکی کاسبکارانی سەر سنووریان دایە بەر دەسترێژ کە لە ئاکام زیانی ماددی زۆر بە کاسبکاران گەیشتوە.

### چوار کەس لە هێزە ئینتیزامییەکان بریندار بوون

ڕێکەوتی ١٧ی گەلاوێژ لە نزیك ئاوایی "دارە مەرجان" لە کاتێکدا هێزە ئینتیزامییەکان وەدوای ماشێنێکی کاسبکاران کە هەڵگری سووتەمەنی بووە کەوتوون‌و لە ئاکام دا ماشێنەکەیان وەردەگەڕێو ئاگر دەگرێو چوار کەس لە سەرنیشینەکانی بریندار بوون.

### دۆستێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان گیانی لە دەست دا

ڕێکەوتی ١٩ی گەلاوێژی ١٣٨٦ بەهۆی وەرگەڕانی ماشێن لە نزیك شاری رەبەت بەداخەوە دۆستو دڵسۆزێکی نزیکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەناوی محەممەد عەولابەگی خەڵکی گوندی "شالگە" گیانی لە دەست دا.

بەم بونەیەوە، سەرەخۆشی لە بنەماڵەو دۆستانی ناوبراو دەکەین.

## مەهاباد

### ئیدارەی ئەماکن ژمارەیەك لە کافی‌نێتەکانی داخست

ڕێکەوتی ١١ی گەلاوێژی ٨٦ ئیدارەی ئەماکنی شاری مەهاباد دەستی کرد بە داخستنی کافی‌نێتەکانی ئەو شارە بەو بیانووە کە مۆڵەتنامەی کارکردن (جواز کسب)یان نیە. بەڵام ڕۆژی ١٦ی مانگ ئەو کافی‌نێتانە لە حاڵێك دا کراونەوە، کە مەئموورانی ئیدارەی ئیتیلاعات وێڕای پشکنینی کامپیوتێرەکانیان هەڕەشەیان لە خاوەنەکانیان کردوە کە مشتەرییەکانیان کۆنترۆڵ بکەن. شایانی باسە بۆ وەرگرتنی مۆڵەتنامەیەك پێویستە ٤٠٠ هەزار تمەن بدرێ.

### سووتاندنی ماشێنی کاسبکارێك لەلایەن هێزە ئینتیزامی‌یەکانەوە

ڕێکەوتی ١٩ی گەلاوێژی ١٣٨٦ هێزەکانی ڕێژیم لە نزیك گوندی کاوڵان تەقەیان لە ماشێنی کاسبکارێك بەناوی برایم کوورانی کە سووتەمەنی پێ بووە کرد. لە ئاکام دا ماشێنی ناوبراو سووتا. شایانی باسە ئەم کاسبکارە هەرچەند توانی لە ئاگرەکە خۆی دەرباز بکا بەڵام دواتر بە سووتاوی لەلایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە دەسبەسەر کرا.

## بانه



### بەهۆی تەقەی هێزەکانی ڕێژیم سێ کەس گیانیان لە دەست دا

ڕێکەوتی ٨٦/٥/٢١ لە گوندی "سەبەتلوو" هێزەکانی ڕێژیم هێرش دەکەنە سەر ماشێنێکی F3 کە هەڵگری هێندێك سووتەمەنی بوو، کە لە ئاکامدا ٣ کەس لە سەرنشینەکانی سووتان کە ناوەکانیان بریتین لە: ١ـ ئەبوبەکر کوڕی رەشە خولەی هەنجیلە ٢ـ رەئوف خەڵکی گوندی کەریم ئاوای ناوچەی بابۆس ٣ـ عەلی خەڵکی بانە. خەڵکی گوندی سەبەتلووو گوندەکانی دەوروبەر دوای ڕوودانی ئەم کارەساتە بە داروبەرد هێرشیان کردە سەر پۆستی بازرەسیو سووتاندیان‌و بەرەو پاسگای ڕێژیم چوون دەوروبەری پاسگاکەیان سووتاند. هێزەکانی ڕێژیم لە بانەوە بە یارمەتیی هێزەکانیان لەو پاسگایە بوون تێکهەڵچوونێکی توند دەستی پێ کرد، بە شێوەیەك کە ڕێژیم لە شاری سەقزیشەوە ٥ ماشێنی پڕ لە هێزە بەکرێگیراوەکانی دەنێرێتە یارمەتیی هێزەکانی لە سەبەتلوو. لە ئاکامی هێرشی خەڵك بۆ سەر هێزەکانی ڕێژیم‌و پاسگاکەی لە گوندی سەبەتلوو ئوستوارێکی ڕێژیم بریندار بووەو ٣ ماشێنی پاسگاو مۆتۆرێکی بەرقو ٣ کانتینەر سوتاون.

شایانی باسە کە لە تەواوی ماوەی دەرگیرییەکەدا ڕێژیم لە هەر دوو لاوە واتە هەم لە لای سەقزەوەو هەم لە لای بانەوە جادەی بەستبوو تا کاتژمێر ٥ی ئێوارە هەر چەشنە هاتوچۆیەکی بەم جادەیەدا قەدەغە کردبوو.

## پیرانشار

### بەهۆی دەسترێژی هێزەکانی ڕێژیم کاسبکارێك گیانی لە دەست دا

ڕۆژی ٢٠ی گەلاوێژی ١٣٨٦ لاوێك بە ناوی خالید ئەحمەدی کوڕی برایمە رووت خەڵکی پیرانشار لە نزیك کانێ خوڵای سەر بە ناوچەی پیرانشار لەلایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە تەقەی لێ کراو گیانی لەدەست دا.

پێویستە بگوترێ ئەو لاوە لە کاتێك دا کە بۆ بژیوی ژیانی خۆیو بنەماڵەی باری لەسەر سنوورەوە دەبردەوە ناوخۆ کەوتە بەر تەقەی هێزەکانی ڕێژیمی ئیسلامیو گیانی لەدەست دا.

هەروەها شەوی دووشەممە (١٥ی گەلاوێژ)یش هێزە ئینتیزامییەکانی ڕێژیم لە نزیك ئاوایی برایم شیلان کاروانێکی کاسبکارانی سەرسنووریان دایە بەر دەسڕێژو لە ئاکام دا چوار کاسبکار بریندار بوون‌و ژمارەیەك ئەسپی کاسبکاران بریندار بوون.

### گیان لەدەست دانی لاوێك لە ئاکامی تەقەی هێزەکانی ڕێژیم لە ماشێنێك

ڕێکەوتی ١٨ی گەلاوێژی ١٣٨٦ لە نزیك گوندی "قەرە خدر" مەئموورانی کۆماری ئیسلامی بەبێ وریا کردنەوە سیخ یان هاویشتە بە جیب گالانتێك کە سێ کەسی تێدا بوو. پاشان دەسترێژیان لێ کرد. لە ئاکام دا دوو کەس لە سەرنشینەکانی بریندار بوون.

بەڵام مەئمووران لە گەیاندنی ئەوان بۆ نەخۆشخانە خۆیان بوارد. لە ئاکامدا بەهۆی خوێن لەبەر چوونی زۆر، کەسێکیان بەناوی "سەید بایەزیدی سەید ئیبراهیمی" گیانی لە دەست داو ئەوی دیکەش ئێستا لە حاڵەتی بێهۆشی دایەو لە نەخۆشخانەی ورمێ کەوتوە.

شایانی باسە تەرمی ناوبراو بەربەیانیی ڕۆژی شەممە ٢١ی گەلاوێژ لە ژێر چاوەدێریی توندی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمدا بە خاك ئەسپێردرا. بەم بۆنەیەوە هاودەردیو هاوخەمیی خۆمان بە بنەماڵەکەی رادەگەیەنین.

### هێلیکۆپتێرێکی ڕێژیم کەوتە خوارەوە

ڕێکەوتی ٢٦ی گەلاوێژ هێلی کۆپتێرێکی ڕێژیم لە شاخەکانی پشتی پیرانشار کەوتە خوارەوە، شایانی باسە لە ئاکامی کەتنە خوارەوەی ئەو هێلی کۆپتێرەدا کە هۆیەکەی ئێستاش روون نەبۆتەوە هەموو سەرنشینەکانی کوژراون کە تا ئێستا ناوی چوار کەسیان زانراوە کە بریتین لە:

١ـ عەباس پیرۆتی
٢ـ قەرەنی محەمەد ئەسل
٣ـ حوسێن عومەری
٤ـ حوسێن باپیر

## مەریوان

### نیشتمانپەروەرێك گیانی لە دەست دا

ڕۆژی هەینی (١٠ی گەلاوێژ) بە هۆی خۆپێکدادانی مینی بووسێك لەگەڵ ماشێنێکی دیکە لە ڕێگای ساوە زیاتر لە ٢٠ کەس کوژران‌و بریندار بوون.

شایانی باسە لە نێو کوژراوەکانی ئەو خۆپێکدادانەدا خوێندکارێکی کورد بە ناوی ئەسعەد ئەحمەدی خەڵکی ئاوایی هویە بەرچاو دەکەوێ. ناوبراو خوێندکاری لقی جوغرافیای زانکۆی بیجار بووو لە نێو خەڵك دا بە مرۆڤێکی نیشتمانپەروەر ناسرا بوو.

بەو بۆنەیەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵەو دۆستانی دەکەین.

بۆ لاپەڕی ١١

پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان،

# بۆ کۆنگرەی چوارەمی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

**لە لایەن کاک حەسەن قادرزادەوە**

*میوانە بەڕێزەکان!*

هاوڕێیانی خۆشەویست، ئەندامانی بەڕێزی کۆنگرەی چوارەمی یەکیەتی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

بە بۆنەی پێك هاتنی چوارەمین کۆنگرەی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بە گەرمی پیرۆزبایی‌تان لێ دەکەین‌و هیواداریین کۆنگرەکەتان، کۆنگرەیەکی سەرکەوتووو پڕ دەستکەوت بێ.

لاوانی تێکۆشەر، کۆنگرەکەتان لە هەلومەرجێك دا دەبەسترێ کە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە قۆناغێکی هەستیارو گرینگ دا تێپەڕ دەبێ. ئەو ناوچەیە یەکێك لە حەساسترین ناوچەکانی دونیایەو ڕووداوگەلێکی گرینگی لێ چاوەڕوان دەکرێ. تەوژمی ئەو ڕووداوانە کاری کردۆتە سەر سیاسەتی گەورە زلهێزەکان‌و ڕێکخراوو دامەزراوە نێودەوڵەتی‌یەکان، مێژووی دوورو درێژی ئاڵۆزی‌و شەڕوکێشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست‌و زۆر پرسی دیکەی چارەنووس‌ساز بە هەڵاوەسراوی مانەوە کە هۆی سەرەکیی چارەسەر نەکرانیان دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی دووفاقەی دەوڵەتە گەورەو ڕێکخراوە نێو دەوڵەتی‌یەکان، گەرچی حەقانیەتی زۆر مەسەلەو کێشە، بە تەواوی روونە، بەڵام بەرژەوەندیی وڵاتانی خاوەن نفووز وای کردوە کە مەسەلەکان بە بارێکی دیکەدا بکەون‌و ڕێگای دروست‌و ئوسوولی خۆیان نەپێون. ئەم کارەش بۆتە هۆی ململانێ‌و دژایەتی لە نێوان وڵاتانی خاوەن بەرژەوەندی‌و وڵاتانی ناوچەکەو تاقم‌و گرووپی ڕکەبەدا کە بەرژەوەندییەکانیان کەوتوونەتە مەترسی‌یەوەو، دژبەری زۆر ساز بوون‌و وەزعێکی ئەوتۆ خوڵقاوە کە ناوچەکە ڕووبەڕووی شەڕو کوشتارو وێرانی‌و ناسەقامگیری بۆتەوە.

ئەم شەڕە لە چەند بەرەی جۆراوجۆردا بەردەوامە وەکوو بەرەی تیرۆرو دژە تیرۆر، سکۆلاریزم‌و بن ئاژۆیی ئیدئۆلۆژی، دێموکراسی‌و دیکتاتۆری، شەڕی مەزهەبی (شیعەو سوننە)، پلۆرالیسم‌و پاوانخوازی، کە قەیرانێکی قووڵی سیاسی، ئابووری‌و کۆمەڵایەتی لێ کەوتۆتەوە.

بەشێکی زۆری ئەو کێشەو بەربەرەکانێیە لە نەبوونی دێموکراسی‌و ئازادی، چارەسەر نەبوونی کێشەی نەتەوایەتی، پێشێل کردنی مافی مرۆڤ، ستەمی جنسی‌و ڕەگەزی، مەودای زۆری نێوان هەژاری‌و دەوڵەمەندی، دابەش نەکردنی سەروەت‌و سامانی نەتەوەیی بە شێوەیەکی دادپەروەرانە، قەیرانی ناسنامەیی، گرفتە کۆمەڵایەتی‌یەکان‌و ئیدئولۆژیی چەقبەستوو بە هەموو مەکتەبەکانیەوە سەرچاوە دەگرێ، بەتایبەتی ئیسلامی سیاسی، کە تیرۆرو ڕەشەکوژیی کردۆتە وەسیلەیەك بۆ گەیشتن بە دەسەڵات‌و ئامانجەکانی، بە جۆرێك کە ئاسایش‌و هێمنایەتی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیی خستۆتە مەترسییەوە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە خوڵقاندنی ئەو وەزعەدا نەخشی بەرچاوو سەرەکیی لە ڕێبەری کردنی تیرۆرو ڕەشەکوژی‌و ئاژاوەگێڕی لە هەموو شوێنێك بەتایبەتی لە عێراق، لوبنان، فەلەستین‌و ئەفغانستان دا هەیە.

بە یارمەتی دان‌و پشتگیری‌و دالدەدانی ڕێکخراوە تێرۆریستیەکان توانیویەتی ببێتە هەڕەشەیەك لەسەر ئاسایش‌و ئارامی‌و سەقامگیری‌و ئاشتی لە ناوچەکەدا.

سەرەڕای ئەوەش بە بێ‌گوێ دان بە بیروڕای گشتیی جیهان‌و داخوازی ڕێکخراوو دامەزراوە نێو دەوڵەتی‌یەکان‌و حەول‌و تەقەلای وڵاتانی گرووپی ٥+١ ئەوا بەخێرایی خەریکی بەرهەم هێنانی ئۆرانیۆم بۆ وەدەست هێنانی چەکی ئەتۆمی‌یە، کە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ عەقڵیەت‌و بیری فراوانخوازانەی دەسەڵاتدارانی ئەو نیزامە. پاش هەڵبژێرانی مەحموودی ئەحمەدی نژاد بە سەرکۆمار پڕۆژەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی ئیسلامی هاتۆتە گۆڕی کە سێ خاڵی سەرەکی لە خۆ دەگرێ کە بریتین لە یەکیەتیی موسوڵمانان، یەکخستنی هەڵوێستی موسوڵمانان‌و مافی موسوڵمانان، ئەوەش بە مانای ئەوەیە کە موسوڵمانان یەکیەتیی خۆیان بپارێزن‌و یەکگرتووو یەك هەڵوێست بن‌و مافی موسوڵمانان بریتی‌یە لەوە کە کۆماری ئیسلامی ببێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ئەمریکاو ئیسرائیل‌و نەیارەکانی‌و بەرەوپێش بردنی سیاسەتەکانی لە ناوچەکەدا.

ئەوەش لە کاتێك دایە کە ئێران بە خراپترین قۆناغی ژیانی سیاسی‌و ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌دا تێپەڕ دەبێ. هیچ ئاسەوارێك لە ئازادی نەماوە. ئازادی‌یە دێموکراتی‌یەکان بە تەواوی پێشێل کراون، دەرگای ڕۆژنامەکان داخراوە، سەرکوت‌و خەفەقان درێژەی هەیە، ڕووناکبیران، نووسەران‌و جیا بیران‌و داکۆکی‌کارانی مافی مرۆڤ ڕاپێچی زیندان دەکرێن‌و حوکمی ناڕەوایان بەسەردا دەسەپێندرێ. هێرش بۆ سەر ژنان‌و بێ حورمەتی کردن پێیان بەردەوامە، گرانی‌و بێکاری، فەسادو ئیعتیادو دەیان بەڵاو گیروگرفتی دیکە داوێنی کۆمەڵگای ئێرانی گرتۆتەوە، تەواوی چین‌و توێژەکانی خەڵکی ئێران وەزاڵە هاتوون‌و لەو نێوەدا لاوان گەورەترین قوربانیانی سیاسەتی دژی گەلیی کۆماری ئیسلامین.



بەڵام لەگەڵ ئەم وەزعە تاڵەدا خەبات هەر بەردەوامە، بزاڤی خوێندکاری‌و خەباتی تەواوی چین‌و توێژەکان بە تایبەتی لاوان بۆ مل نەدان بەم سیاسەتە چەوتانە هەروا درێژەی هەیەو ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ پەرە دەستێنێ، لاوانی شۆڕشگێڕو بەهەستی گەلەکەمان هەر وەکوو ڕابردوو لە هەموو قۆناغەکانی خەباتی میللی دێموکراتیکی‌دا بۆ وەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەیی‌و سینفی‌یەکانیان پێشەنگ‌و گیان لەسەر دەست بوون. دڵنیاین لەو هەلومەرجە ناسکەشدا بە باشترین شێوەو زیاتر لە جاران خۆیان بۆ قۆناغێکی دیکەو نوێ‌تر لە خەبات ئامادە دەکەن، ئەوەش بەبێ بەرنامەو پرۆگرامی پێشکەوتووو سەردەمیانەو ڕێکخستنی مۆدێڕن‌و پتەو ناتوانێ سەرکەوتن بە دەست بێنێ، ئەوەش بە کارو ماندوو بوونی زۆر دێتە بەرهەم‌و سەرکەوتوو دەبێ. حیزبی دێموکراتی کوردستان هەمیشە ڕێ نیشاندەرو پشتیوانی بەهێزو هەتا سەری لاوان بووەو بۆ گەیشتن بە ئامانجە نەتەوەیی‌و سینفی‌یەکانیان یارمەتی‌و هاوکاریی کردوون‌و ئێستاش بە چاوی هیواو ئومێدەوە دەڕوانێتە هەوڵ‌و کوششەکانتان‌و بڕوایەکی قووڵ‌و بەهێزی بە توانا‌و ئیرادەو بیرو داهێنانەکانتان لە هەموو بوارەکان دا هەیە، بەتایبەتی خۆڕاگری‌و بەربەرەکانیی ئێوە لە خەباتی پێشمەرگانەدا لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ دوژمنانی ئازادی‌دا بە بەرزترین ئاستی وشیاریی سیاسی‌و نەتەوەیی دادەنێ‌و لە خەبات لە پێناوی دابین کردنی ئازادی‌و دێموکراسی، مافی نەتەوایەتی‌و داخوازە سینفی‌و کۆمەڵایەتی‌یەکانی لاوان دا لە هیچ هاوکاری‌و یارمەتی‌یەکی ماددی‌و مەعنەوی درێغی ناکاو تەواوی تواناکانی خۆی بۆ پێشکەوتن‌و گەشەکردنی هیواکانتان بەکار دێنێ.

پتەوترو بەهێزتر بێ پێوەندی لاوان (کچان‌و کوڕان)ی تازە پێگەیشتووو خەباتگێڕانی خاوەن ئەزموون‌و قاڵبووی نێو گۆڕەپانی خەبات لە پێناوی وەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەیی‌یەکان‌و داخوازە سینفی‌یەکانی لاوان‌و هەموو چین‌و توێژەکانی خەڵکی کوردستان.

سەرکەوێ خەباتی ڕەوای گەلی کورد بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پێناوی دابین کردنی مافە نەتەوایەتی‌یەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیك‌و فیدراڵی‌دا.

سەرکەوتوو بێ کۆنگرەی چوارەمی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

دەفتەری سیاسیی حیزبی
دێموکراتی کوردستان

# تێکۆشان لە دەرەوەی وڵات

## ئوستralیا ـ ئادلاید:

### بەڕێوەچوونی جێژنی ٢٥ی گەلاوێژ

کۆمیتەی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەئادلایدی ئوسترالیا بۆ ڕێزگرتن لە یادی دامەزرانی حیزب ڕێورەسمێکی بە بەشداریی کوردانی دانیشتووی ئوسترالیاو ئەندامان‌و دۆستانی حیزب‌و نوێنەرانی حیزب‌و ڕێکخراوە سیاسی‌یەکان پێك هێنا. ئەو ڕێورەسمە کە ڕۆژی ١١ی ئووت بەڕێوەچوو بە سروودی نەتەوایەتی‌و ڕێز گرتن لەشەهیدان، دواتر پەیامی کومیتەی حیزب لەلایەن کاك مەحموود ئەحمەدیان پێشکەش کرا. لە بڕگەکانی دیکەی ڕێورەسمەکەدا چەند پارچە شێعرو پەخشان‌و پەیامی ئەم لایەنانەی بەشدارییان لە ڕێورەسمەکەدا کردبوو خوێندرایەوە.

شایانی باسە ڕێورەسمەکە بەمۆسیقاو هەڵپەرکێ کۆتایی پێ‌هات.

## سوئیس: ڕێورەسمی یادی دامەزرانی حیزب بەڕێوەچوو

بە مەبەستی ڕێز گرتن لە یادی ٦٢ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕێکەوتی ٤ی ئووت کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سوئیس ڕێورەسمێکی تایبەتیی پێك هێنا، ئەو ڕێورەسمە کە لەودا سەدان کەس لە ئەندامان‌و دۆستان‌و کوردانی دانیشتووی سوئیس بەشدار بوون بەسروودی نەتەوەیی‌و ڕێزگرتن لە شەهیدان دەستی پێ‌کرد. دواتر پەیامی کومیتەی حیزب لەلایەن کاك ڕەحمان ئیبراهیم زادە بەرپرسی کومیتەی سوئیسەوە پێشکەش کرا. لە بڕگەکانی دیکەی ڕێورەسمەکەدا پەیامی حیزب‌و ڕێکخراوە کوردستانی‌یەکان خوێندرایەوە.

بڕگەکانی دیکەی ڕێورەسمەکە بە خوێندنەوەی شێعرو گۆرانی درێژەی کێشا.

## فینلاند: بەڕێوەچوونی جێژنی ٢٥ی گەلاوێژ

لەڕێورەسمێك دا یادی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەرز ڕاگیراو نوێنەرانی ڕێکخراوە کوردستانییەکان بە بەشداری سەدان کەس لە ئەندامان‌و لایەنگران‌و دۆستانی حیزب لەفینلاند،ڕێکەوتی ١١ی ئووت ڕێورەسمێکی بەشکۆ بە بۆنەی ٦٢ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە پێك هات. ئەم ڕێورەسمە کە بە سروودی نەتەوەیی‌و ڕێزگرتن لەشەهیدانی کوردستان دەستی پێ‌کرد لەم ڕێوڕەسمەدا پەیامی کۆمیتەی حیزب لە فینلاند کە لەلایەن کاك ڕەحمان خالیدزادەوە پێشکەش کرا. پەیامی ئەو حیزب‌و ڕێکخراوانەی بەشداریی ڕێورەسمەکە بوون.

## سوئێد ـ ڤێسترۆس:

### لە ڕێوڕەسمێکی بەشکۆدا یادی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان کرایەوە

ڕێکەوتی ٨ی ئووت ڕێوڕەسمێکی تایبەت بە یادی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە شاری ڤێسترۆس بە بەشداریی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادەو سەدان کەس لە ئەندامانی حیزب‌و نوێنەرانی ڕێکخراوە سیاسییە کوردستانییەکان پێك هات. ڕێورەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی کوردستان‌و ڕێزگرتن لە شەهیدانی کوردستان دەستی پێ‌کرد. دواتر مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە کەسایەتیی‌ناسراوی نێو بزووتنەوەی کورد بەم بۆنەیەوە بۆ بەشدارانی ڕێوڕەسمەکە دوا. دواتر پەیامی پیرۆزبایی حیزب‌و ڕێکخراوە بەشدار بووەکان بەم بۆنەیەوە پێشکەش کرا.

بڕگەکانی دیکەی ڕێوڕەسمەکە بریتی بوو لە خوێندنەوەی شێعرو گۆرانی‌و موزیك‌و هەڵپەرکێی تیپی یەکیەتیی لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و بەشدارانی ڕێوڕەسمەکە.

## نامەیەك بۆ بەڕێزان، دوکتۆر هاینتس فیشەر سەرۆک کۆماری ئوتریش و دوکتۆر پاتسێلت سکرتێری گشتی ئامنیستی ئینتەرناشناڵ لە وڵاتی ئوتریش

بە داخەوە گەلی کورد هەر لە دێرزەمانەوە کەوتۆتە ژێر توند و تیژی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی زاڵ بەسەر ئەو ناوچەیەدا، هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ئێران، زۆر بێبەزەیانە بۆ چەندەهەمین جار کەوتەوە بەر ئەو بێبەزەیەو بێ روحمیە، ئەو جارەیان زۆر خراپتر لە جارانی پێشوو، بەڵگەشمان بۆ ئەو وتەیەمان ڕەشەکوژی ناو خۆی وڵات، ئیعدام کردنی بێدادگایەک کە ستانداریکی نێونەتەوەی هەبێت، لە هەندەران ترۆرکردنی ئازادی خوازان و تێکۆشەرانی ئەم گەلە و ....،

لە چەند مانگی ڕابردوودا کۆماری ئیسلامی ئێران شەپۆلێکیتری سەرکوت و زەبروزەنگی لە ئێران و بە تایبەتی کوردستان وەڕێ خستوە، لەو بەینەدا بە تایبەتی نوسەران و شاعیران ورۆژنامەنیگار و ... کەوتونەتە بەر ئەم هێرشە دڕندانەیە و لە بەندیخانەکانیان دەکەن و لە دادگایەکی سەرپییدا بە دلی بە ناو قازیەکانیان قەزاوەتیان لەسەر دەکن، کە بەداخەوە کەم هەیە قەزاوەتەکەیان دەیان ساڵ زیندان یان ئەبەدو ئیعدام نەبێت.

بەڕێز،

ئێمە لە وەها کاتێک دا ئەم نامەیە بۆ جەنابتان دەنوسێن کە ئاگاداری ئەوەین کە چەند ڕۆژ لەمەوە پێش حوکمی ئیعدام بۆ دو تێکۆشەری بواری ڕۆژنامەگەری واتا بەڕێزان عەدنان حەسەنپوور و هیوا پوتیمار لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە دەرچوە.

لێرەدا ئێمە وەک حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بە نوێنەرایەتی گەلی کورد لەو بەشەی کوردستان خەم و ناڕەحەتی خۆمان لەو بڕیارە ناحادلانەیەی دەزگاکانی بە ناو قەزای کۆماری ئیسلامی ئێران بە ئێوەی بەڕێز و لەم کاناڵەشەوە بە تەواوی دنیا ڕادەگەیەنین و هیواداڕین لەم بوارەدا وەک ڕێکخراوێکی نێونەتەوەی ئەم شێوە ڕەشە کوژیانە لە ئاستی نێو نەتەوەیدا لە قاو بدەن، و بە هیمەتی هەمو لاینگرانی مافی مرۆڤ و ئازادیەکانی مرۆڤایەتی هەوڵ بدەن ئەو دەستانەی لە پشتی ئەم کارانەوەن کورت بکەنەوە و نەهێڵن هەروا بێ هێج لێپرسینەوەیەک ڕۆڵەکانی گەلی کورد بدرێنە کوشتارگاکانی ڕێژیمی مەلاکان.

لە گەڵ ڕێزو قەدرزانی بۆ ماندوبونەکانتان

نوێنەرایەتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان
دوکتۆر عەلی مازوچی

## ولامی دوکتۆر هاینتس فیشەر سەرۆک کۆماری ئوتریش

بەڕێز دوکتۆر عەلی مازوچی،

بە نوێنەرایەتی لە لایەن سەرۆک کۆمار دوکتۆر هاینتس فیشەر سوپاست دەکەم بۆ ناردنی نامەکەتان لە ڕۆژی ٢٤ مانگی جولای، کە لەودا ئیشارەتان بە وەزعی کوردەکان لە وڵاتی ئێران کردبوو. ئێوە لەم نامەیەدا خەم و نارەحەتی خۆتان بۆ ژیانی دوو ڕۆژنامەوانی کورد عەدنان حەسەن پوور و هیوا پوتیمار دەربڕیبوو کەلە وانەیە بەم زوانە حکومی ئیعدامیان بەڕێوە بچێت.

دژایەتیکردن لە گەڵ ئیعدام یەکێکە لە بنەماکانی هەمووڵاتانی ئەندامای یەکیەتی ئۆرۆپاوو لە و ناوەشدا وڵاتی ئوتریشیش یەکێکە لەم وڵاتانە.

هەروەک بۆ خۆتان باش دەزانن سەرۆک کۆماری ئوتریشیش دوکتۆر هاینتس فیشەر لە هەموو کۆڕ و کۆبونەوەیەکی پەیوەندیدار بەم مەسەلانەوە دژایەتی خۆی بە دژی ئیعدام راست و ڕەوان ڕاگەیاندوە.

ئێمە نامەی بەڕێزتان بە داواو تکای خۆشمانوە بۆ پێڕاگەیشتنی ، ناردوە بۆ دەفتەری پێڕاگەیشتن بە مافی گەلان لە چوارچێوەی یەکیەتی ئۆرۆپاو نێونەتەوەیدا لە وەزارەتی ناوخۆ، چونکە ئەوان زیاتر ئاگاداریان لە سەر ئەم مەسەلە قەزای و یەک لەوان حوکمی ئیعدام هەیە.

لە کۆتای دا سەرکەوتنتان لە پێناو خەبات بۆ مافی مرۆڤەکان دا ئاواتە خوازم.

لە گەل سلاوێکی گەرم.
بریگیتێ بڕەننەر لە شورای وەزیران

## ولامی دوکتۆر پاتسێلت سکرتێری گشتی ئامنیستی ئینتەرناشناڵ

بەڕێز دوکتۆر عەلی مازوچی،

زۆر سوپاس بۆ ناردنی نامەکەتان کە دوێنێکە بە دستمان گەیشت.

لە گەڵ ئەم جوابەدا پێم خۆش بوو کۆپیەکی ئاکتی ئەم دو بەڕێزەتان بنێرمە خزمەت، کە لە سەر ماڵپەری ئامنیستی ئینتەر ناشنال بە زمانی ئینگلیزی بلاو کراوەتەو.

ئێمە تەنیا دەتوانین هیوادار بین، کە ئەم دو خەبات کاری بواری ڕۆژنامەگەری هاوکاری بکرێن ونەجاتیان بێت.

لە گەڵ سلاوی گەرم،

سەرکەوتنتان لەم ڕیگا پیرۆزەدا ئاواتە خوازین.
ڕیکی پۆرستینگەر ئامنیستی ئینتەرناشناڵ وییەن

# د. قاسملوو یەکەم رێبەری ئۆپۆزیسیۆن و رێفۆرمیستی نێو حیزبی دێموکرات*

مستەفا مەعرووفی

جیهان بە هەموو دیاردەکانیەوە بەردەوام لە حالّی گۆڕان دایە.ئەمە قانوونی زالّ بەسەر ئەم جیهانە دایە. هەر دیاردەیەك ئالّوگۆڕی بەسەردا نەیە لە رەوتی ئالّوگۆڕەکان بەجێ دەمێنیو لە راستی دا ئەم بەجێمانە ماناکەی مردنە. بۆ حیزبێکی سیاسی، رێکخراوێكو دەولّەتێکیش هەر بەم جۆرەیە. بەتایبەتی لە مەیدانی سیاسیدا کە کارێکی بەکۆمەڵەو کۆمەڵیش بەردەوام لە گۆڕان دایە ئالّوگۆڕ لە چاو بوارەکانی دیکە خێراترو بەرچاوترە. حیزبێکی سیاسی کە رێبەرایەتیی کۆمەڵێك لە خەڵك لە کۆمەڵگای خۆی دا دەکا بۆ ئەوەی بە ئامانجەکانیان بگەن، کاتێك لە ئالّوگۆڕەکانی کۆمەڵی خۆی وەدوا کەوێ نەخشی رێبەریی خۆی لەدەست دەداو بەجێ دەمێنێ. حیزبێکی سیاسی بۆ ئەوەی لە کۆمەڵی خۆی بەجێ نەمێنێ دەبێ خاوەنی رێبەرایەتیوکادرو ئەندامی وشیارو ئاگا بێ تاکوو نەك هەر لە ئالّوگۆڕەکان وەپاش نەکەوێ بەڵکوو دەگەڵیان کەوێو تەنانەت شوێنیان لەسەر دابنێ. مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستان زۆر ئالّوگۆڕی جیددیو بنیاتنەرانەی تێدا کراون کە ئەم حیزبەیان بە زیندوویی راگرتووەو نەخشی رێبەریو پێشڕەو بوونیان بەو حیزبە داوە کە جێ پەنجەی دوکتور قاسملووی نەمریان لە هەموو کەس زیاتر پێوە دیارە.

**د.قاسملوو رێبەری حیزب، رەخنەگر لە حیزب**

دوکتور قاسملووی نەمر لە تەمەنی لاوەتییەوە ئەو کاتەی لەسەردەمی کۆماری کوردستاندا ئەندامی یەکیەتیی لاوان بووە لە شاری ورمێ تا کاتی شەهید بوونی لە دژی دوژمنانی ئازادیو دوژمنانی کورد دا خەباتی کردوە. هاوکات لەگەڵ ئەمە لە خودی حیزبەکەشی دا قەت لە نوێکردنەوەو ئاوەدان کردنەوەی حیزب غافڵ نەبووە. ئەو بە باشی ئەوەی بۆ دەرکەوتبوو کە حیزب دەبێ هەمیشە وەڵامدەری هەلومەرجی خۆی بێ. بۆیە هەمیشە وەڵامی بۆ سەردەمی خۆی پێ بووە.

د.قاسملوو سەبارەت بەوەی مرۆڤێکی سیاسیو دێموکرات بوو، خۆی لە بۆچوونی دوگمو نەگۆڕ دەپاراست. پڕ بە دڵ شانازیی بە سەرکەوتنەکانی حیزبو گەلەکەی دەکرد بەڵام هەر لەم کاتەش دا خاڵە لاوازو کەموکوڕییەکانی دەستنیشان دەکردو ئازایانەو بە دوور لە دەمارگرژی رەخنەی لە حیزبەکەی دەگرت. د.قاسملوو بە شێوەیەکی زانستی باس لە دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستانو مەزنیی پێشەوا قازی محەممەد دەکاو شانازییان پێوە دەکا. بەڵام لەگەڵ ئەوەی دا درێژەدەری رێگای پێشەواو میراتگری حیزبەکەیو کۆمارەکەیەتی قامك لەسەر خاڵە لاوازو کەموکوڕییەکانی کۆماری کوردستانو هەڵەی پێشەوا دادەنێ. کەوابوو د. قاسملوو لەگەڵ ئەوەدا بەرپرسی یەکەمی حیزب بوو، یەکەم رەخنەگری حیزبیش بوو. ئەگەر د. قاسملوو رێبەرێکی زاناو لێهاتوو نەبووایە نەك هەر رەخنەی لە کۆماری کوردستانو پێشەوا قازی محەممەد نەدەگرت بەڵکوو بە کەڵك وەرگرتن لە خۆشەویستیو شانازی-ییەکانیان هەم پلەو پایەی خۆی دەپاراستو هەم بوختانی دوژمنایەتی لەگەل شانازییەکانی کۆمارو پێشەوای دەدا پاڵ رەخنەگرە ئاگاو دڵسۆزەکان بۆ ئەوەی لە مەیدانیان دەربکا. ئەو بەردەوام رەخنەی لە حیزبەکەی دەگرت بۆ ئەوەی کەموکوڕییەکان دووپات نەبنەوە.

د.قاسملوو لەو کاتە دا کە حیزبی دێموکرات لە ژێر کاریگەریی سیاسەتی تەکڕەوانەو دیکتاتۆرانەو راستڕەوانەی ئەحمەد تۆفیق دابوو، لەگەڵ ژمارەیەك لە تێکۆشەرانی دێموکراتو سەربەخۆییخوازی حیزب یەکەم ئۆپۆزیسیۆنی نێو حیزبی دێموکراتی رێبەرایەتی دەکرد کە بەداخەوە سەرنەکەوتو ناچار بوو روو بکاتە وڵاتانی ئورووپایی. لەئاکام دا حیزبی دێموکرات رۆژلەگەڵ رۆژ قەیراناویترو لاوازتر دەبوو. وای لێ هاتبوو ئەگەر ژمارەیەك لە تێکۆشەرانی دیکەی دێموکرات کە لە خەتی ئەحمەد تۆفیق دا نەبوونو بە پێشکێش کردنی خوێنی باشترینو بەوەجترین رەفیقەکانیان ئاڵای حیزبی دێموکراتیان شەکاوە رانەگرتبا تا دەرچوونی بەیاننامەی ١١ی مارسی ١٩٧٠ لە عێراقو هاتنەوەی د.قاسملوو بۆ نێو حیزب، شوێنەوارێك لە حیزبی دێموکرات نەدەما. بەڵام کاتێك د. قاسملوو هاتەوە نێو حیزب بە هۆی زاناییو لێهاتوویی لە ماوەیەکی کورتدا رێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی پێ ئەسپێردرا. ئەو لێرەدا بوو لە راستیدا حیزبی دێموکراتی بنیات نایەوە. هەڵی وەشاندەوەو تێکیهەڵکێشایەوەو سەر لە نوێ دای رشتەوە. جەستەی بێ رووحی حیزبی دێموکراتی هێناو رووحی وەبەر نایەوە. ناوەکەی پاراستو نێوەرۆکێکی نوێی بۆ دانا. بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆو سیاسەتە گشتی-یەکانی حیزبی بە مێتۆدێکی نوێو سەردەمیانە داڕشتەوە کە ماموستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە بەهەق ناوی "رێنێسانس"ی لەسەر ئەم خزمەتانەی د. قاسملوو داناوەو لەم پێوەندییەدا دەنووسی: "یەکگرتنەوە لەگەڵ قاسملوو خێری بۆ حیزبی دێموکرات زۆر بەدواوە بوو. بەراستی تەنیا پاش هاوکاری لەگەڵ قاسملوو بوو کە ئێمە شتێکمان لە مانای دروستی حیزبایەتیو کاری حیزبیو ئوسووڵی حیزبی بەرچاو کەوتو کەموزۆر فێری بووین."(کورتە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، د. قاسملووو عەبدوڵڵا حەسەنزادە، ل٢٥٠)

**خەباتی د.قاسملوو بۆسەربەخۆیی حیزب**

د.قاسملوو لە ماوەی ژیانی سیاسیی خۆی لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا هەوڵی دا حیزب سەربەخۆ بێ. ئەو حیزبی دێموکراتی لە حیزبێکی بەستراوەو کەم بایەخەوە کردە حیزبێکی سەربەخۆو خاوەن ئیعتیبار. ئەو سنووری بەستراوەییو دۆستایەتیی بە تەواوی دیاری کردبوو. دەی گوت: "دۆستایەتی دەکەین بەڵام لەگەڵ پاراستنی سەربەخۆیی. ئەگەر پێویست بوو دۆستایەتییەکە فیدای سەربەخۆیی دەکەین."(کورتەباس، چاپی سوید، ل٧٩) لە حالێك دا مەیدانی دۆستایەتی لە روانگەی ئەوەوە ئەوەندە بەرین بووکە دەی گوت: "سیاسەتی ئێمە ئەوە نیە ئەو کەسەی دۆستمان نەبێ دوژمنانە، سیاسەتی ئێمە ئەوەیە ئەو کەسەی دوژمنایەتیمان نەکا ئێمە پێمانخۆشە دۆستایەتیی بکەین." د. قاسملوو "سەربەخۆیی" بە گەورەترین سەرمایەی حیزب دەزانیو گوتی: "حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خاوەنی سەرمایەیەکی گەورەیە، ئەویش هەر ئەو سیاسەتە سەربەخۆیەیە کە گرتوویەتە پێش. یەکێك لە رەمزەکانی سەرکەوتنی ئێمە هەتا ئێستا هەر ئەم سیاسەتە سەربەخۆیە بووە. ئەو سیاسەتە چەوت بووبێ یان راست بووبێ، دەسکردی خۆمان بووە. چونکە پێمان وایە هیچ کەس بە ئەندازەی خۆمان لە واقعیاتی کۆمەڵی کوردستان شارەزا نیەو هەر بۆیە هیچ کەس لێوەشاوەیی بڕیاردانی لە جیاتی ئێمە نیە."(شیکردنەوەی کورتە باس ل٤٨) ئەم ئەسڵە لە لای د.قاسملوو لە نێوان دوو هێز یان لایەندا کە لە ئاستێك دا نینو هاوکێشیی هێزیان لە نێوان دا نیە هەر لە جێی خۆیەتیو دەڵێ: "ئێمە سیاسەتی خۆمان بۆخۆمان دیاری دەکەین چونکە حیزبێکی سەربەخۆین، چ بچووك چ گەورە، چ بێهێز بین چ بەهێز، سیاسەتی سەربەخۆیی خۆمان ناگۆڕین." (ل٥٠)

هەوڵی وەدەستهێنانەوەی سەربەخۆیی حیزب لە لایەن د. قاسملووەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بووژانەوەی حیزب لە ساڵانی پاش رووخانی کۆماری کوردستان، ئەو کات کە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ژێر سێبەری حیزبی توودەدا بووژایەوە. پاش کودیتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ لە دژی حکوومەتی میلیی د.محمد مصدق، تەشکیلاتی حیزبی توودە زەبرێکی قورسی وێکەوتو بەشی زۆری ئەم تەشکیلاتە ئاشکراو "پۆلیس زەدە" بوو. بۆ ئەوەی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتیش ئەو زەبرەی وێنەکەوێ بە پێشنیاری کاك عبدالرحمن قاسملو حیزبی دێموکرات پێوەندیی تەشکیلاتیی خۆی بە حیزبی توودەوە پچڕاند. بەم جۆرە یەکەم بەردی بناخەی سەربەخۆیی حیزبی دێموکرات دانرا. ئەم هەڵوێستە بوو بە یەکێك لە بڕیارە گرنگەکانی یەکەم کۆنفرانسی حیزب لە بەهاری ١٣٣٤دا.

پاش شۆرشی ١٤ی ژوئیەی ١٩٥٨ لە عێراق کە کورد بە رێبەرایەتیی بارزانیی نەمر لە باشووری کوردستان دەسەڵاتی گرتە دەست، رێبەرایەتیی حیزب پەنای بۆ باشووری کوردستان برد. پاش دەرچوونی بەیاننامەی ١١ی مارسی ١٩٧٠ کە حیزبی دێموکرات پێوەندیی دیپلۆماسیی لەگەڵ دەوڵەتی عێراق دامەزراندو پاشان بەرەبەرە لە نێوان بزوتنەوەی کوردو دەوڵەت دا شەڕ هەڵایسا، دەوڵەتی عێراق زۆری پێخۆش بوو لە بەرامبەر هێندێك ئیمتیاز دا کە ئەوکات بۆ حیزبی دێموکرات زۆریش پێویست بوون، حیزب دژایەتیی بزووتنەوەی کورد بە رێبەرایەتیی بارزانیی نەمر بکا. بەڵام حیزبی دێموکرات ئەو ئیمتیازاتەی فیدای دۆستایەتییەکە کردو وەڵامی د.قاسملووی نەمر لەم جۆرە کاتانە دا هەمیشە هەر ئەوە بووە کە: زمانو قەڵەمی قاسملوو دژی هیچ کوردێك ناگەڕێن. ئەم سیاسەتە ئیمتیازە کاتییەکانی لە دەست حیزب دان بەڵام لە درێژماوەدا ئیمتیازی زۆر گەورەی بۆ حیزب بەدواوە بوو کە بریتی بوو لە چوونەسەری ئابڕووو ئیعتیبارو پڕستیژی حیزب. د. قاسملوو زۆر باش دەیزانی حیزبێکی بە پڕستیژو خاوەن ئیعتیبار دەبێتە خاوەنی زۆر ئیمتیاز.


بە جێیە لێرەدا ئاماژە بە شاهیدییەك بکرێ کە بەڕێز د.مەحموود عوسمان کەسایەتیو سیاسەتمەداری بە ناوبانگی کورد لە کۆڕێکدا بۆ کادرو ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب بە حوزووری ماموستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە بۆ حیزبی دێموکراتی دا. بەڕێز د. مەحموود عوسمان لەو کۆڕەدا کە لە هاوینی ٢٠٠٣دا نزیکەی سێ مانگ دوای رووخانی رێژیمی بەعس بەڕێوە چوو، گوتی: رێژیمی بەعس رووخاو تەواوی بەڵگەو دیکۆمێنتە نهێنییەکانی کەوتنە دەست عێراقییەکانو هێزەکانی ئەمریکا. تاقە یەك دێڕیش کە بیسەلمێنێ حیزبی دێموکرات لە پێوەندی لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا کارێکی لە دژی خەڵکی عێراقو کورد لە عێراق کردبێ، نەبووە.(گێڕانەوە بە واتا)

ئەم سیاسەتە لە داهاتووی حیزبیش دا وەك سەرمایەیەکی لە بن نەهاتوو حیزبی لە زۆر قەیرانی نێونەتەوەییو ناوچەیی رزگار کردوە. لە ساڵانی ١٩٩٤ تا ١٩٩٦ رێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات کەوتبووە ناوچەی رقەبەرایەتیی دوو دەوڵەتی ئێرانو عێراقو تەنانەت سێ دەوڵەت بە تورکیەوەو مەیدانی شەڕی دوو حیزبی سەرەکیی باشووری کوردستان پارتیو یەکیەتی. ئەگەر ئەم سیاسەتە حەکیمانەیە لەلایەكو ئەزموونو لێزانیی زۆرینەی رێبەرایەتیی ئەوکات لەلایەکی دیکەوە نەبووایەن، حیزبی دێموکرات دەبوو بە لایەنێکی ئەو شەڕەو تێوە دەگلا. لە حالێكدا حیزبی دێموکرات لە هەلومەرجێکی ئەوەندە ناسك دابوو کە بەرگەی سیاسەتێکی ئەوتۆی نەدەگرتو لەو ئەسڵە گرنگەش کە د.قاسملوو پاش خەباتێکی دوورودرێژی نێوخۆیی لە حیزبدا چەسپاندنی، لای دەدا.

**کورتە باسێك لەسەر سوسیالیزم**

د. قاسملووی نەمر لە هێنانی بیرو ئەندێشەی نوێ بۆ نێو حیزبو

بۆ لاپەڕی ٨




عەبدوڵڵا حەسەن زادە — نەبی قادری — د. قاسملوو

**ئەو لێرەدا بوو لە راستیدا حیزبی دێموکراتی بنیات نایەوە. هەڵی وەشاندەوەو تێکیهەڵکێشایەوەو سەر لە نوێ دای ڕشتەوە. جەستەی بێ رووحی حیزبی دێموکراتی هێناو رووحی وەبەر نایەوە. ناوەکەی پاراستو نێوەرۆکێکی نوێی بۆ دانا. بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆو سیاسەتە گشتی-یەکانی حیزبی بە مێتۆدێکی نوێو سەردەمیانە داڕشتەوە کە ماموستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە بەهەق ناوی "رێنێسانس"ی لەسەر ئەم خزمەتانەی د. قاسملوو داناوە**

**برووخێ رێژیمی کۆنە پەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران**

## ئەو خونچانەی پێش پشکووتن هەڵ وەرین






### ڕەحمان سۆفی زادە

خەڵکیو خاکی بوو. شانازیی بەوە دەکرد کە کوڕی "سۆفی ڕەسووی گاچۆلەکە"یەولە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێشدا لە دایك بووە. لەگەڵ ئەوەی خەڵك دەستیان ڕادەگرت تا ئەو مامۆستایەی جارانو ئەم پێشمەرگەیەی ئێستا بەسەریدا بڕوا، فەخری بەسەردا نەدەفرۆشتن, لە هەر ماڵێك لایدابایە, وەك کوڕی ماڵێ ڕەفتاری دەکرد, داری ورد دەکرد, قەندی بۆ دەشکاندن, سفرەی لەگەڵ کۆدەکردنەوە, چای تێدەکرد, بۆخۆی جێوبانی خۆی هەڵدەگرت.

هونەرمەند بوو. کە دەتڕوانیە ئاڵبۆمەکانیو دەتدیت چۆن قۆناغە جۆراوجۆرەکانی زۆر لە بوارەکانی ژیانی کوردەوارییی وەك ئاژەڵداریو کشتوکاڵ بە دووربینەکەی, وێنە گرتوون, دەتگوت وێنەگرێکی کەم هاوتایە.

خۆشنووسێك بوو, حەزت دەکرد چی تراکتو ئاگاداریو سەربەرگی بڵاوکراوەکانە, وەك تەختە بەردە پانەکەی دەم ڕێگای "چەکۆ ـ میراوێ" کە دروشمی "دێمۆکراسی بۆ ئێرانو خودموختاری بۆ کوردستان"ی لەسەر نووسیبوو, بە خەتی ئەو بنەخشێندرێن.

لە بواری تەبلیغاتو ڕاگەیاندندا, کەم کادری حیزبیی هاوتەمەنی تۆزیان دەشکاند. بە زمانی سادەو پاراویو بەو شارەزاییە سەرنج ڕاکێشەی ئەو منداڵەی شاری, لە کۆمەڵناسیو دەروونناسیو پێوەندییەکانی خەڵکی لادێ هەیبوو, مەبەستەکانی خۆیو حیزبەکەی, بە هاسانی لە نێو خەڵكدا دەبردە پێش. لە خۆڕایی نەبوو لە مانگەکانی "دیفاع لە ئازادی"و هێرش بۆ سەر دوژمن"دا, تەداروکی بەشێکی زۆر لە هێزی پێشمەرگەی حیزبو "هێزی پشتیوان"یان لە ناوچەی پیرانشارو سەردەشت بەو سپاردبوو.

لە هەر کۆبوونەوەو سمینارو کۆنفرانسێکدا, کە لە سەر کاروباری تەشکیلاتی دەدوا, ئەوەندەی ئیدەو پێشنیارو گەلاڵەی نوێو لێزانانە دێنایە گۆڕێ, سەرنجی هەمووانی بۆ لای خۆی ڕادەکێشا. ئەگەرچی وەك پسپۆڕێکی کاری تەشکیلاتی لە ئاستی حیزبدا ناوی دەرکردبوو, لە ئازایەتیو نەترسیو شەڕکەریدا, لە هیچ قارەمانێکی مەڵبەندەکەی خۆی, پیرانشار, نەدەمایەوە.

نووسینەوەی "یادداشتەکانی ڕۆژانە", ئەو لە نێو یەکیەتیی لاوانو دۆستانی کادرو پێشمەرگەیدا کردی بە داب. سەداقەت, سەراحەت, سادەیی, هەست کردن بە بەرپرسایەتی, ماندوویی نەناسی, دانەبڕان لە کتێبو خوێندنەوە لە هیچ هەلومەرجێکدا, بڕوابەخۆبوون, ڕووخۆشیو, جگە لە ڕەزامەندیی خەڵكو حیزبەکەی دەربەستی هیچ شتێك نەبوون, لە تایبەتمەندییەکانی بوون.

✵✵✵

ماوەیەك لە بەخاك سپاردنی تێپەڕیوە. "کاك کەریمی برای" لێی ڕاسپاردووم کەلوپەلەکانی براجوانەمەرگەکەی بۆ بنێرم. بۆ دواجار چاو بە دەفتەری یادداشتەکانی ڕۆژانەیدا دەخشێنم. لاپەڕەکانی ٢٥و ٢٦ی گەلاوێژی ١٣٦٣ی هەروا سپین, فریانەکەوتوە پڕیان بکاتەوەو چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی ٣٩ ساڵەی دامەزرانی حیزبەکەی لە پشت ماڵی جانداران‌و هێرشی ڕۆژێك دواتری هێزەکانی کۆماری ئیسلامییان تێدا بنووسێ. ناچارم دەفتەری ژینی کورتو پڕشانازیی کە لە ٢٥ بەهار تێنەپەڕیوە, ببەستم. دوو وتە لە گوێمدا دەزرینگێنەوەو لێیان دەوێم دواپەڕی ژیانی ئەو لاوە شۆڕشگێڕەیان پێ بنەخشێنم: قسەکەی دایکی شەهید حوسێن شەمامی لە سەر گڵکۆی ئەوو جوانەمەرگەکەی دیکە ( شەهید مەحموود فەیزی), کە بەڕێکەوت ڕۆژی بەخاك سپاردنی ئەو دووانە لە "گەرۆر" بوو: "لێم گەڕێن, دایکیان لێرە نین, با لەجیاتی ئەوانیش بۆیان بگریم"" دوایین پاراگرافی ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزب: "خوێنی هەزاران شەهیدی حیزبەکەمان کە ناوی ڕەحمانی سۆفیزادە کاروانە درێژەکەیان درێژتر دەکا, نابێ بەفیڕۆ بچێ. ڕێژیمی خوێنمژی خومەینی کە خوێنی لاوی شۆڕشگێڕو بەنرخی وەك ڕەحمانی سۆفیزادە دەڕێژێ, دەبێ بڕووخێو گەلانی ئێران دەبێ لەو ڕێژیمە پڕنەگبەتییە ڕزگاریان بێ".

✵ **سۆفی ڕەسووی بابی کاك ڕەحمان پێشمەرگەی هێزی شەهید ئاوارە بوو, ساڵی ١٣٦٢ بەداخەوە لە ڕووداوێکی دڵتەزێندا گیانی لەدەست دا.**

**شەوی ٢٦ی گەلاوێژی ١٣٨١ نووسراوە .**

# ٢٥ی ئەی ڕەقیب لەدایك دەبم

جەمال نەجاڕی



هاوینەو
بەدەم بارینی ئاگرەوە ڕێ
دەپێوم
هەنگاو بە هەنگاو
"لە هەمووی هەڵدەقوڵێ
بیرەوەریم"
فرمێسك لە چاوانم دەسڕم
نانا ,ناگریم,ئاسۆ ڕوونە.
لە سەر سنوور جانتام پڕە لە
هیوای دوا ڕۆژو
دەستم پڕە لە ئومێدی
سەرکەوتن،
دوور دەکەومەوە لە خۆمو
دەگەمە ئێرە
لای ئیوەی ئاشق.
سڵاو
ئەم کاتەتان باش تەیرەکانی
گەرمێن
هاتووم فڕین لە ئێوە فێر بم‌و
بەرخۆدان لە شاخ،
سەبووری لە ئێوە فێر بم‌و
ئاشتی لە باخ.
من سروودی ئێوارەیەکی
شۆڕشم
بەدم زاری پێشمەرگەوە، هەر
دەیڵێم‌و دەیڵێمەوە.
دەستان بۆنی ڕۆژانی سەختی
ڕابردووی لێدێ‌و
نیگاتان پڕە لە گوڵەمێلاقەی
شەهید،
بزەی ئازادیتان لە سەر لێو.
هاتووم لە گەڵتان ببارێم‌و
ببمە باران ......
هاتووم لە گەڵتان سەما کەم،
ببمە ژیان.
"قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی
بادی خۆش مروور"
بمانبەرەوە بۆ (مەهاباد)و
لە مەیدانی چوارچرای
شەهیدان دا
کڕنۆش بەرین بۆ شەهیدانی
ئازادی.
سڵاو ئەی (پێشەوا)ی هەرگیز
نەمر،
کوڕو کچی وڵاتەکەت لە سەر
مەزارت ئامادەن،
فەرمان بدە
ئێستاش گەورە وڕێبەرمانی
سەیر کە "کورد نەمردووەو
قەت نامرێ
تا تۆ گەورەو سەرکردە بی،
هەر زیندووە".
بمانبەرەوە بۆ(ورمێ)
شەقام بە شەقامی شار وتەکانی
(پێغەمبەری ئاشتی) بنووسین و
پەیکەرێك لە باڵای بەرزی( قاسملوو)
لە مەیدانی ناوەندی شار دابیەستین.
سڵاو ئەی ڕێبەری ناوداری کورد،
کوڕو کچی وڵاتەکەت چاوەڕوانی هاتنەوەتن،
گەلاوێژەو
"٢٥ی ئەی ڕەقیبی هەموو ساڵێك لە دایك
دەبم
ئەشقم لە دڵ دا دەگەڕێ"
تۆ دەبینم
بزەی سەرکەوتن لە سەر لێوتە
ئەو بزانە چەندە گەورەن
گڕو تینمان پێدەبەخشن.
بمانبەرەوە بۆ بۆکان‌و
لە سەر ناڵەشکێنە سپییەکانمان پڕ کەین لە
هەوای ئازادی،
پڕ بە دەنگی (حەسەن زیرەك)
"ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە"
بڵێینەوە،
لەگەڵ هەناسەکانی شەرەفکەندی،
تا تەرەغەی بەرخۆدان نەوەستین‌و
لە بارەگای" کانی سەنگەران"
مشتمان پڕ کەین لە ئاوی سەرکەوتن،
بیخۆینەوە بە خۆشی "کوردو
کوردستان".
سڵاو ئەی دوکتۆری زانا
دڵخۆشبە ئەمڕۆ "تەیرەکانی گەرمێن"
بەرەو "کوێستان" بەڕێوەن‌و
خەڵك هێلانەیان بۆ چێ دەکا.
ئێوارەیەو
من بە تەنیا لە ژوورێکی پڕ لە شێعرو
پڕ لە وشەی سووری خوێن‌و
پڕ لە وشەی زەردی خۆرو
پڕ لە وشەی سەوزی گەڵا،
بە ئارامی دوگمەی ڕادیۆ دەسووڕێنم
دەنگی بە سۆزی شمشاڵی "قالەمەڕە"
هەناسەکانی "بێستوون"و
بێدەنگییەکانی" ئاویەر"،
ئاوازەکانی "ئاربابا"و
غوربەتی"ماکۆو سەلماس"
تێکەڵ بە دەنگی "پێشمەرگە"دەکات‌و
دەیڵێتەوە:
"ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد
زمان
نایشکێنێ دانەری تۆپی زەمان
کەس نەڵێ کورد مردووە، کورد
زیندووە
زیندووە قەت نانەوێ ئاڵاکەمان"



# بەشێك لە قەسیدەی ٢٥ی گەلاوێژ
# لە دایك بوونێکی نوێ



(سوارە قەلادزەیی)

١

وەك ئەمرۆ پتر لە شەست
وەرزە زریان
پتر لە شەست وەرزە تۆفو
فرمێسكو ژان...
پتر لە شەست ساڵی خاچو لە ئەزموونی
سێدارەدان...!!
پتر لە مەرگی بە کۆمەڵ
داخو گریان...
قەندیلێکی بالا زراڤ...
قەندیلێکی هەر چوار وەرز
مەندیل بەسەر
لە منداڵیەوە گۆشکراو...
بەوانەی قوتابخانەکەی
پێشەوامان...
چەپك... چەپك... رایەڵی
ئەو بیرەی دەبەست...
وەك باقە گیابەندو بیزا...
دەینارد بۆ ژووری زیندانو ...
کۆڕو کۆمەڵی نهێنی...
وەك موژدەی لە دایکبوونی
وەرزی نوێی کوردایەتی
پتر لە شەست ساڵ لە تەمەن
بڵند گۆکانی چوار چرا...
موژدەی لە دایکبوونی دێموکراتی
لە رەحمی ژێکاف...کۆرپە بوو...!!

٢

بە هەر چوار بستووی دەسکردی
چوار توخوبی ناوقەد... قرتاو...
بە چەقۆی دەستی داگیرکەر...
لێك دابڕاو...
رادەگەیان...!!

دیموکرات بوو بە پەیڕەوی
بیری سەوزی کوردایەتی...
وەك "ئاردبەبا"ی
بالا هەڵچوو بە ئاسمانا
ژان دایگرتو...
لە ئالانو لە پێدەشتی
لاجانەوە...
لە خوێندنگەی کوردیو فەوزیو موکریو بادینانەوە
چریکەی لە دایکبوونی نوێ...
تێهەڵکرا...بۆ "ئاگری داغ"
لە هۆبەی شەمزینانەوە...
گوێزەبانەی بە دەرسیمو
دیاربەکرو سلێمانی
دەبەستەوە...
موژدەی ئەدا بە پیرەمێرد...
بێکەسو مەولەویو نالی...
حاجیو جزیریو خانی...!
بڵندگۆی ئەو سەردەمە بوو...
ژێکاف ببوو بە هەوێنی
ببوو بە ماکی ئاوسبوون...!!
ستەمی زۆر داریش ببو
بە نەوتو تۆڵەو بڵێسە...
چاوگەی وشیاری رابەرێك
ببوو بە نەخشەی تێکۆشان
ئازادی "خەونی دوو چاوی"
ئاواتی بوو...
بۆ سەرانسەری کوردستان...

# سەرچۆپی کێشی گەلاوێژ

ب.ئاگری

دەیان ساڵە ئەستێرەیەک
لەم رۆژەدا
لە ئاسمانی کوردستانا ئەدرەوشێتو
نوور هاوێژە
دەیان ساڵە
ئەم ئەستێرە
بۆ جوتیاران خەلەو خەرمان
بۆ قوتابیان نووری کتێب
بۆ کیژۆلان گوڵ و پەرەنگ
بۆ هەژاران لەتی نان و
لە دوژمنان شەختە ڕێژە .
ئەم ئەستێرە
گەرچی شەمشەمە کوێرەکان لێی

ڕادەکەن
بەلام روناکی شەوانی نوتەک و تاڵ و
درێژە
دەیان ساڵەو
هەموو ساڵێک لەم رۆژەدا
بسکی دار گوێزی شۆڕەژن
عەتر ڕێژە
چیا بە قامکی بناگوێی
سروود بێژە
شەقام بە دەسرەی ناو دەستی
چۆپی کێشە و
کانی بە گەڕی ڕەشبەڵەک
خەفەت نێژە

دەیان ساڵەو
هەموو ساڵێ لەم رۆژەدا
سنەم سەراپا ئاریزە
زام بە زامی مەهابادم پێی سارێژە
سەقزم وەکوو هەمیشە
بە جەستە و خوێنی لاوانی
نەمام نێژە
مەریوانم
لە سەر لووتکەی بێستوونەوە
بانگەوازی کرماشان و ورمێ دەکا؛
دە زوو هەستن هاوڕێیانم
ئەمرۆ جێژنی بیست و پێنجی گەلاوێژە




## سینەمای کۆمێدی ( پێکەنین )

بەشی یەکەم

بێدەنگ بوونی فیلمەکان (سامت) گەورەترین هۆکاری پێك هێنانی سینەمای کۆمێدیا لە سەرەتای سەدەی ١٩ دابوو.

ئەو کات بۆ پڕکردنەوەی بۆشایەکی وەها گەورە تەنیا کەڵك لە موزیك وەردەگیرا. ئەوە لە کاتێك دابوو کە زۆربەی فیلمەکانی ئەو سەردەمە رەشو سپی بوون. (تا ساڵەکانی ١٩٣٠).

چارلی چاپلێن کە بە خودای ئەم شێوازە دەناسرێ دەڵێ: بۆ ساز کردنی فیلمێك، پێویستیم بە کامێرایەك، پارکێك، کچێکی جوانو هێندێك موسیقا هەیە.

لە راستیدا بۆشای دەنگ لە سینەماو بە تایبەت سینەمای کۆمێدی دا زۆر زەقو بەرچاو بوو.

چارلی چاپلێن لە راستی دا گەورەترین خزمەتی کرد بەم شێوازەی سینەماو لە درێژایی تەمەنی کاری خۆیدا زیاتر لە ٥٠ فیلمی درێژو کورتی ساز کردو ئێستا ماوەی نزیك بە ١٠٠ ساڵە جیهان بە شاکارەکانی ئەو وەگریان دەکەونو پێدەکەنن. لەوانە دەتوانین:

١ـ ئەوانەی لە زێڕ دەگەڕێن (بێ دەنگ)
٢ـ رووناکیەکانی شار (دەنگ دار)
٣ـ کوڕەکە (بێ دەنگ)
٤ـ سەردەمی نوێ (ب دەنگ)
٥ـ دیکتاتۆری گەورە (دەنگ دار) (کۆمێدی ـ تراژیدی)

نێو بێنین.

درێژەدەرانی سینەمای کۆمێدی بە درێژایی مێژووی سینەما شت گەلێکی بەنرخیان بەم شێوازە زیاد کرد کە لە داهاتوو دا باسیان دەکەین.

لێرەدا تەنیا ناوی چالاکانی ٥ دەیەی ئەوەڵی سەدەی ١٩ لە سینەمای کۆمێدی دا دێنین.


١ـ ئەبۆتو کاستێلۆ
٢ـ لۆرێلو هاردی
٣ـ نۆرمەنو ویزدۆم
٤ـ جری لۆیس
٥ـ سێ بێ عەقڵ
٦ـ خوان مارتین
٧ـ هارۆڵد لویید

ئەوانە هەر یەك بنیاتنەری شێوازێك لە سینەمای کۆمێدین کە بینەری خۆیان بووەو هەیە کە لە ژمارەکانی داهاتودا بە وردی باس لە خۆیانو شێوازەکانیان دەکەین.

جێی باسە کە ئەم شێوەیە لە سینەما بە راستی زۆری ئاڵوگۆڕ بەسەر کلتووری جیهانی هێناوە. بۆ وێنە فیلمی دیکتاتۆری گەورەی چاپلێنە کە بە کۆمێدیی رەش دەناسرێ.

درێژەی هەیە...

نوسینی ناسر رەسوولی




# مزگێنیدەرانی بەهەشت و نێڵدەرانی جەهەننەم

رەسووڵ سوڵتانی

شەپۆلی گرتنی رۆژنامەوانان و جودابیران و سەپاندنی حوکمی قورس هەتا ئاستی حوکمی ئێعدام بەسەریاندا شتێکی تازە نیە. ئەمە دیارترین دەرکەوتەو خەسڵەتی کۆماری ئیسلامیو هەموو حکوومەتێکی لەم چەشنەیەو مێژووی مرۆڤایەتی گەلێك سیستەمی لەم چەشنەی بە خۆوە دیتوە. ئەوەی راستی بێ ئەم جۆرە سیستەمانە کە لە سەر باوەڕی حەقیقیەتی رەهاو لە سەر بنەمای بیرێکی چەقبەستوو دامەزراون بە جێی ئەوەی رەوایی(مشروعیت) خۆیان لە دەنگی گشتیی خەڵك و لە کەشو هەوایەکی دێموکراتیك وەرگرن و لە فەزایەکی فرە دەنگ و فرە رەنگ دا ئامرازو دامودەزگاکانی دەسەڵات بخەنە خزمەتی ئامانج و بەرژەوەندی گشتیی خەڵك و بەمجۆرە پێگەیەکی پتەو بۆخۆیان دەستەبەر بکەن، ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگا پڕ دەکەن لە هێڵی سوورو هێندەی باوەڕەکانی خۆیان ژیانی شەخسیی خەڵك بەرتەسك دەکەنەوە. کۆمەڵگای ژێردەستی ئەم دەسەڵاتدارانە لە رواڵەتدا هێمن و بێدەنگ دیارە. رواڵەتێکی بێ قڕەو رەزامەندو بێ کێشەی هەیە. کەچی لە ناخەوە، لە هەناوی تاك و کۆمەڵگادا جارو جەنجاڵ و ئاڵۆزییەکی سامناك رۆژبەرۆژ پەنج دادەکوتێ. ئەوەندەی رواڵەتی کۆمەڵگا کراوەو دێموکراتیکەکان رواڵەتێکی پڕ لە هەڵلاو نارەزایەتییە، سەت ئەوەندە هەناوی کۆمەڵگا داخراوەکان پڕ لە پارچە پارچەییو نایەکگرتوویییە. لە کۆمەڵگای دیکتاتۆریدا تاك و دەسەڵات دوو واقعیی دوور لە یەك و لە زۆر لاوە دژ بە یەکن. لەوانەیە ئەم دژایەتییەی تاك زۆر درەنگ خۆی بنوێنێو بەردەوام بەشوێن زەمینەو دەرفەتێکی لەباردا بگەڕێ بەڵام دژایەتیی دەسەڵات دەگەڵ تاك بە هەموو بۆچوون و خەونەکانییەوە دوژمنکارییەکی راشکاوانەیە بەڵام بە ناوێکی دیکەو بە هەزاران بیانووی دیکە. ئەم دوژمنکارییە بە ناوی خۆشەویستیو هەست بە بەرپرسیارەتی لە لایەن دەسەڵاتەوە لە هەمبەر چارەنووسی تاك و کۆمەڵگادا دەردەکەوێو تێیدا بانگەشەی خولقاندنی بەهەشتێکی ئایدیالیو وەدیهێنانی ژیانێکی بەهەشتییانە دەکاو بەم بەڵێنەوەو لە پێناو وەدیهێنانی ئەم ئیددیعایەدا سامناکترین جەهەننەم لەسەر ئەم زەوییە دەخولقێنن. هەتا ئێستا تەواوی ئەوانەی کە موژدەی بەهەشتیان بە مرۆڤ داوە، دواجار ژمارەیەکی زۆری مرۆڤەکانیان کردۆتە سووتەمەنیو دەستەچیلەی جەهەندەمێك کە بە باوەڕی ئەوان بۆ خولقاندنی بەهەشت بە پێویست زانراوە. نموونەی زۆر بەرچاوی ئەم کەسانە زۆرن و ستالین و هیتلەرو خومەینیو رێژیمەکەیو باقی دیکتاتۆرەکان باشترین بەڵگەن.

ئێستا لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی رێژیمی ئیسلامیدا: دامودەزگاکانی دەسەڵات نەك لە خزمەتی خەڵك دا نین بەڵکوو بەشی زۆری هێزی رێژیم تەرخان کراوە بۆ بێدەنگ و تاك دەنگ کردنی کۆمەڵگاو پێکهێنانی کەشوهەوایەکی سامناك کە تێیدا جیا لە پەسن بێژانی دەسەڵات کەس دەنگ هەڵنەبڕێ.

رێژیمی ئێرانیش کە هەر لە سەرەتاوە مزگێنی بەهەشتی بە خەڵك دا هەتا ئێستا بە هەزاران کەسی رووناکبیرو ئازادیخوازی لە پێناو ئەم بەهەشتەدا لە بەندیخانەکان توند کردوون و گەلێکی بە پەتی سێدارە ئەسپاردوون. بەهەشتێك کە تەنیا دەسەڵاتداران تێیدا پشوو دەدەن و باقیی خەڵکی دەرەوەی دەسەڵات نەك لێی بێ بەرین بەڵکوو بە بێ سووتانو تێدا چوون و سەرکوتیان وەدیهێنانی ئەم مزگێنییە مسۆگەر نابێ.



ترسی کۆماری ئیسلامی لە دەنگە جیاوازەکان پێوەندییەکی چڕی بەم مزگێنییەوە هەیە. چونکی رۆشنبیران و ئازادیخوازان بە پێی سروشتی پرسیار خولقێنو پێکهاتەی فکریی خۆیان پێ ملی هیچ حەقیقەتێکی موتڵەق نابن و گومان و شك دەخەنە سەر هەر چەشنە موتڵەقگەراییو بەهەشتێکی زەمینی. سروشتی پرسیارو جەوهەری سیستەمی دیکتاتۆر دوو شتی تەواو لێك دژو ناتەبان.

ئەوەی مرۆڤی پرسیار خولقێن و سەرکەشە، پرسیار دەخاتە سەر هەرشتێکی پیرۆزو هەر هێڵێکی سوور. سیستمگەلی خۆ بە حەقیقەت زانیش پرسیار بە گەورەترین تاوان دەزانن لە بەر ئەوەی پرسیار یەکەم کردەی مرۆڤە بۆ شکاندنی بنەماو پێکهاتەکان و لەمجۆرە حکوومەتانەدا بنەماکان پیرۆزترن لەوەی مرۆڤ گومانیان بخاتە سەر. ئەوان بە شوێن تاك و مرۆڤگەلێکی بێ پرسیارو بێ هەڵوێست دا دەگەڕێن و تەواوی دامودەزگاکانیان وەگەڕ دەخەن بۆ ئەوەی کۆمەڵگا بە جۆرێك پەروەردە بکەن کە تاك بە بێ هیچ بۆچوونێکی جیاواز باوەڕ بکا بە تەواوی حەقایەتە درۆیینەکانی دەسەڵات و ئەفسانەکانیان.

رۆشنبیر بە نووسین و دەنگ هەڵبڕین و بە شەن و کەو کردنی راستییەکان و لێك هەڵاواردنیان و دەستنیشان کردنی لایەنە جۆراوجۆرەکانی واقعیەت و رێژەیی بوونی حەقیقەت، بە جۆرێك تاك بەرەو ئاستێکی مەعریفی دەبا کە تێیدا هەموو بیر کردنەوەو روانینێك لە عەقڵانییەتێکی رەخنەگرانەوە سەرچاوە دەگرێ. ئەم کارە دەبێتە هۆی کاڵ بوونەوەو سەرئەنجام بێ بەها بوونی ئەم ئەفسانەو حەقایەتانەی بانگەشەی بەختەوەری دەکەن و لە هەناوی خۆیان دا لێوڕێژن لە چارەرەشیو توندوتیژی. ئەوەش هەنگاوێکی مەترسیدارە بۆ سەر ئامانجەکانی سیستەمی دیکتاتۆردا. لە بەر ئەوەی رۆشنبیرو ئازادیخواز بە شوێن جیهانێکی فرەدەنگو پڕ لە بیروڕای جیاوازەو لە بەرامبەر دیکتاتۆر دەیهەوێ یەکسەر کۆمەڵگا وەك ئەوو لە بازنەی بەرژەوەندییەکانی ئەودا بیر بکەنەوە. بەڵام سەرەڕای هەموو هەوڵەکانی پاوانخوازان و داخستنی هەموو رۆچنەکانی بیروڕا دەربڕین دیسانیش کەسانی تینووی ئازادی گیانیان دەکەنە چووکترین دیاریو لە خەبات و تێکۆشان ناوەستن.

رێژیمە سەرەڕۆکان باش دەزانن کە بۆ زیاتر مانەوەیان لە دەسەڵات دا قەت ناتوانن کەڵك لە رێگەو ئامرازە دێموکراتیکەکان وەرگرن. چونکی دەگەڵ ماهییەتیان یەك ناگرێتەوەو ئەو کاتەش کە وەها رێوشوێنێك رەچاو بکەن ئیتر خۆیان لە دیکتاتۆری و پاوانخوازی رزگار کردوە. بەڵام جەوهەرو سروشتی ئەوان هەڵگری وەها شتێك نیە هەر بۆیەش رێگەی توندوتیژی دەگرنە بەرو بە جێی زیاد

> **ئەوەندەی رواڵەتی کۆمەڵگا کراوەو دێموکراتیکەکان رواڵەتێکی پڕ لە هەڵلاو نارەزایەتییە، سەت ئەوەندە هەناوی کۆمەڵگا داخراوەکان پڕ لە پارچە پارچەییو نایەکگرتوویییە**

کردنی تریبوونی جۆراوجۆر دەست دەکەن بە پتەوتر کردن و زیاتر هەڵچنینی شوورەو دیواری زیندانەکان. ئەوان کە هیچ شتێکیان لەسەر بنەمای مەنتیق دانەمەزراندوە وەڵامی هەرچەشنە دەنگ و داخوازێکی مەنتیقی بە چەك و توندو تیژی دەدەنەوە. ئەم رەوتی توندو تیژیو سەرکوتە نەك کۆتایی نایە بەڵکوو هەتا دەسەڵات زیاتر بەرەو لاوازی بچێت و ئاستی رۆشنبیریو تێگەیشتوویی خەڵك بچێتە سەرترو نارەزایەتییەکان زیاتر پەرە بگرن، توندو تیژییەکانیش زیاترو توندتر دەبن.

ئێستاش کە کۆماری ئیسلامی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بە پشتیوانی تیرۆریزم ناسراوەو رۆژ نیە جێ پەنجەی تێکدەرانەی لە ناوچەو جیهاندا کارنامەیەکی نوێی بۆ رەش نەکاتەوەو لە ئاستی نێوخۆییش دا دەگەڵ لێشاوی قەیرانی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابووری دەستەویەخەیە، سروشتییە کە زیاتر لە جاران بەرپەرچی بەرهەڵستکاران و رەخنەگران و رۆشنبیرو جودابیران دەداتەوەو ئەوەش لە کۆماری ئیسلامیدا شتێکی دوور لە چاوەڕوانی نیە.

---

دریژەی

# د. قاسملوو یەکەم رێبەری ئۆپۆزیسیۆن و رێفۆرمیستی......

بزووتنەوەی کورد جگە لە لێزانیو شارەزاییەکی زۆر، جورئەتو ئازایەتییەکی کەم وێنەی هەبوو. لە هێنانی بیری نوێش دا قەت بیرتەسكو ملکەچ نەبوو. ئەو بە شارەزاییەکی زۆر لە سەر کوردو نیشتمانەکەی لە لایەكو شارەزایی لە سیستەمو ئیدئۆلۆژییەکانی دەرەوە باشترینو گونجاوترین بیرو هزری بۆ خەباتی نەتەوەکەی گوڵچین دەکردو پێشکێشی دەکرد. ئەو بە لێکدانەوەیەکی وردی فەلسەفەی مارکسیستیو بیری سۆسیالیستی لەلایەكو ئەزموونی سیاسیی وڵاتانی سەرمایەداری لە لایەکی دیکەوە تێزێکی بە ناوی "کورتەباسێك لەسەر سۆسیالیزم" هێنایە نێو حیزب کە لە یەك رستە دا دەکرێ بڵێین ئەمە بوو: عەداڵەتی کۆمەڵایەتیو ئازادیی سیاسی نەك هەر دژی یەك نین بەڵکوو تەواوکەری یەکترن. ئەم فکرە لە نێو بزووتنەوەی کورددا فکرێکی نوێو داهێنەرانە بوو. "ئایا هەموو کەس مافی ئەوەی هەیە رێگای تایبەتیی خۆی بگرێتە پێش بەو شێوەیە کە بۆخۆی بە مەسڵەحەت دەزانێ، بەڵام کورد هەقی نیە ئەو کارە بکا؟ **کورتە باس هیچ گوناهێکی** دیکەی نیە جگە لەوەی کە دەڵێ دەکرێ رێگایەکی واش هەبێ کە لەگەڵ هەلومەرجی کوردستان باشتر رێك کەوێ" (شیکردنەوەی کورتە باس ل٧٢)

دیارە کورتەباس کە ٢٤ ساڵ لەمەوبەر لە کۆنگرەی شەشی حیزبدا بۆتە ئامانجی دوارۆژ، سەبارەت بەوەی ئەوکات یەکیەتیی سۆڤیەت مابووو سۆسیالیزمو بلووکی چەپ ئەم ئاڵوگۆڕانەی بەسەردا نەهاتبوون کە بەسەری هاتوون، رەنگە ئەو بەشەی پێوەندیی بە سۆسیالیزمەوە هەیە بەتەواوی وەڵامدەری هەلومەرجی ئێستا نەبێ، بەڵام کورتە باس لە راستی دا حیزبی دێموکراتی هەم وەك حیزبێکی "نەتەوەیی" و هەم وەك حیزبێکی "دێموکرات" لە دیکتاتۆریو چەپڕەویو بەستراوەیی بە یەکەتیی سۆڤیەتو حیزبە چەپەکان رزگار کرد. جگە لەمانەش کورتە باس تیئۆرییەکی کاملو پوختەی لە بارەی دێموکراسی، عەداڵەتی کۆمەڵایەتی، سەربەخۆییو... هێنایە گۆڕێ و لە نێو حیزب دا پراکتیزە کران. کورتە باس ئاڵوگۆڕێکی قووڵی فکریو تەشکیلاتیی لە حیزب دا پێك هێنا. ئەم ئاڵوگۆڕانە لە نەوعی خۆیاندا شۆڕشێك بوون لە دژی دوگم پەرستیو چەپڕەویی کوێرکوێرانە لە نێو حیزبدا.

**ئاکام**

٦٢ ساڵ لە مێژووی حیزبێکی سیاسیدا ماوەیەکی دوورودرێژە. لە ماوەی ئەم ٦٢ ساڵەدا حیزبی دێموکرات لەگەڵ هەلومەرجی جۆراوجۆر بەرەوڕوو بووە. چەند قۆناغی تەواو لێکجیاوازی تێپەڕ کردوون. لەگەڵ دوو رێژیمی پاشایەتیو ئیسلامیو چەندین کابینەی جیاواز دەستو پەنجەی نەرم کردوە. لەو ماوەیەدا کوردستان چەند قۆناغی کۆمەڵایەتیو ئابووریی تێپەڕ کردوون. ئەگەر حیزبی دێموکرات توانای دەرك کردنو لێکدانەوەی ئەم قۆناغانەی نەبوایەو بەرنامەو رێبازو شێوەکانی خەباتی لەگەڵ ئەو هەلومەرجە جیاوازانەدا نەگونجاندبایەو ئاڵوگۆڕی بەسەر خۆیدا نەهێنابایە، بێگومان لەمێژ بوو ئەم حیزبەش وەك یەکێك لەو قۆناغانەی کە تێپەڕینو بوون بە بەشێك لە مێژوو، تێدەپەڕیو دەبوو بە بەشێك لە مێژووو خەڵکی شۆڕشگێری کوردستان لەسەر حیزبی دێموکرات رانەدەوەستانو حیزبێکی دیکە جێی حیزبی دێموکراتی دەگرتەوە. بۆیە حیزبی دێموکرات بەو تەمەنە دوورودرێژەوە ماوەتەوەو نەخشی رێبەریی خۆی لە بزووتنەوەی کورددا پاراستوەو زۆر جار خۆی نوێ کردۆتەوەو ئاڵوگۆڕی بەسەر هەڵویستو مێتۆدو شێوەکانی خەباتی خۆی دا هێناوە. د.قاسملووی نەمر لە کاتی خۆیدا مامۆستاو مێعماری ئەو نوێکردنەوەو ئاڵوگۆڕانە بوو.

دوگم پەرستیو دەمارگرژی جگە لە دوو قۆناغ پێشیان بە بەخۆداهاتنەوەی حیزب نەگرتوە. مێژووی حیزبی دێموکرات لە دوو قۆناغدا نیشانی دا کە ئەگەر پێش بە میکانیزمە دێموکراتیکەکان بە مەبەستی نوێبوونەوەو ئاڵوگۆڕ بگیرێ ئەم حیزبە تووشی قەیرانی چارەسەر نەکراو دەبێ. تەریك کەوتنەوەو لاوازبوونی حیزب لە ١٣٣٧ەوە تا ١٣٤٩ی هەتاوی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شێوە مودیرییەتە لە رێبەرایەتیی حیزبدا کە پێشی بە ئوسووڵی دێموکراتیكو مافی هەموو ئەندامانی حیزب گرتو لە ئاکامدا دەرگای گۆڕانو نوێبوونەوەی لەسەر خۆی گاڵەدا. د. قاسملوو هات ئەو دەرگایەی کردەوەو حیزبی لەو قەیرانە ١١ ساڵییە دەرباز کرد. لە دوای کۆنگرەی ١٣ی حیزبیشەوە بە داخەوە ئەم قەیرانە دووپات بۆوە. بەڵام ئەم جار ئەم قەیرانە حیزبی دێموکراتی دوولەت کرد.

دوای ئەم لەتبوونە تەواوی ئەو کەسانەی بەر لە رێژیمی کۆماری ئیسلامییش لە دژی رێژیمی پاشایەتی شانبەشانی د. قاسملووی نەمر خەباتیان دەکرد لەگەڵ زۆربەی هەرەزۆری رووناکبیرانو خوێندەوارانی حیزب لە "حیزبی دێموکراتی کوردستان"دا درێژە بە خەباتی خۆیان دەدەن. چاوەڕوانییەکی زۆر دەکرێ کە ئەم تێکۆشەرانە بەسەر یەکەوە دەورێك بگێڕن کە د. قاسملووی نەمر لە ساڵی ١٣٤٩دا لەگەڵ چەند کەس لە هاوڕێیانی نزیکی گێڕای.

*زانیارییە مێژووییەکانی ئەم بابەتە لە کتێبی "نیوسەدە تێکۆشان" لە نووسینی مامۆستا عبدالله حسن زادە وەرگیراوە

# دیمانەیەك لەگەڵ ئیسماعیل زارعی و مەریوان نستانی سەبارەت بە کۆتایی هاتنی کۆنگرەی یەکیەتیی لاوان

رۆژی ١٥ی گەلاوێژ کۆنگرەی ٤ی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان کۆتایی هات. "کوردستان" بە پێویستی زانی بۆ ئاگاداریی زیاتری خوێنەرانی بەرێز لە ئاڵوگۆڕو نێوەرۆکی کارەکانی کۆنگرە، دیمانەیەک لەگەڵ سمایل زارعی سکرتێری نوێی ئەم رێکخراوەیە مەریوان نستانی ئەندامی چالاکی ئەم رێکخراوە کە لە دەرەوەی وڵاتدا پێك بێنێ.

**لەم کۆنگرەیەدا ئەوەی جێگەی سەرنجە گۆڕانێك لە ناوی یەکیەتیی لاوان دایە. ئەم گۆڕانە چۆنە و هۆیەکەی چیە؟**

سمایل زارعی: بەڵێ راستە، گۆڕان لە ناوەکەمان دا پێك هاتوە، هەروەك لە بەرنامە و پێڕەوەکەشمان دا ئەو گۆڕانکاری‌یە وەبەرچاو دەکەوێ. لە لایەك بەسەرنجدان بەو دۆخەی کە هەنووکە بە سەر ناوچە و پرسی کورددا زاڵە و لە لایەکی دیکە بە سەرنجدان بەوەی کە دەبووایە بە پێی رۆحی سەردەم و زەروورەتی هەنووکەیی خوێندنەوەیەکی نوێ و وڵامدەرمان لە خۆمان هەبووایە و جیا لەوانە بە پێی ئەو کۆمەڵە گۆڕانەی کە لە بەرنامە و ئەساسنامەدا پێك هاتووە و لە پاشان لە سەرووی هەموو ئەوانەشەوە بۆ زیاتر نزیك بوونەوە و خۆڕێکخستن لەگەڵ ئاقاری نەتەوەیی بوون کە پێمان وایە کۆمەڵگاکەمان گرتوویەتە بەر، گۆڕانمان لە ناوەکەمان دا پێك هێناوە. بەڵام نابێ دوو شتی گرینگمان لە بیر بچن: یەکەم: ئێمە گۆڕانمان لە ناومان دا پێکهێناوە چوونکە پرۆسە و ئەساسنامە و بەرنامە و روانگەمان سەبارەت بە پرس و دیاردەکانیش گۆڕیوە و دووهەم و گرینگتر لە هەموو شتێك: گۆڕان لە ناوی ئێمەدا بە هیچ شێوەیەك بەو واتایە نیە کە لە مێژووی خۆمان دابڕێین و شانازی بە مێژووی ٦٢ساڵەی خۆمانەوە نەکەین و بە باوەڕی من گۆڕینی ناو نابێ ببێتە هۆی ئەو تێگەیشتنە کە ئێمە کۆتاییمان بە مێژوومان هێناوە و لێرەوە لە سەرەتاوە دەست پێ دەکەینەوە. پێم خۆشە شتێکی دیکەشی لێ زیاد بکەم کە ئێمە باوەڕمان وایە دەبێ کار بکەین چونکە پێمان وایە دەبێ و ئەرکی سەرشانمانە کە کار بکەین نەك کار بکەین بۆ ئەوەی تەنیا حزوورمان هەبێ و خۆمان دەربخەین. کۆی هەموو ئەو هۆکارانە و گەلێك فاکتەر و هۆی دیکەش بوونە هۆی ئەوە کە ئێمە ئاوڕ لە خۆمان و ناوەکەمان بدەینەوە و گۆڕانی تێدا پێك بێنین.

**چ میکانیزمێک بۆ چالاکترکردنی رێکخراوەکەتان پەسند کراوە؟**

مەریوان نستانی: لە پێوەندنی لەگەڵ چالاکترکردنی یەکیەتیی لاوانی دێموکرات لە هەموو بوارەکاندا کۆمەڵێک پێشنیاری بەکەڵک قسە و باسیان لەسەر کراو پەسند کران، ئێمە لە نوێنەرایەتیی دەرەوەی وڵاتەوە میکانیزمێکمان پێشکەش بە کۆنگرە کرد بۆ رێکخستنی پێوەندیی نێوان کۆمیتەکانی یەکیەتیی لاوان لە دەرەوەی وڵات و لە کوردستان کە بەخۆشیەوە پەسەند کرا و لە



سمایل زارعی

پێڕەوی نێوخۆشدا گونجێنرا، ئەم میکانیزمە دەبێتە هۆی لێک نزیکی و پێکەوە بەستراوەیی زیاتری کۆمیتەکانی یەکیەتیی لاوان چ لە دەرەوەی وڵات و چ لە کوردستان، نایشارینەوە هەتا ئێستا ئێمە نەمانتوانیوە پێوەندیی نێوان کۆمیتەکانی دەرەوەی وڵات و نێوخۆی وڵات بە جۆرێک ڕێک بخەین کە بێ کێشە بێ، بۆیەش زۆرجاران وا هەست کراوە کە کۆمیتەکانی دەرەوەی وڵات کەمتر گوێڕایەڵی بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتی دەبن لە کوردستان، لەم میکانیزمەی ئێمەدا هەوڵ دراوە ڕێگەی ئەم جۆرە هەڵس و کەوتانە نەدرێ و یەکیەتیی لاوانی دێموکرات لە چوارچێوەی ڕێکخراوەیی خۆیدا وەک یەکیەتی‌یەکی نێوان کۆمیتەکانی (ڕێکخراوەکانی) تێ دەکۆشێ بە جۆرێک کە هەمووان لە ناوەند دا دەسەڵاتیان هەیە و هەموانیش پێکەوە ناوەند بەڕێوە دەبەن.

یەکێکی دیکە لە مەسەلە گرینگەکان کە دەبێتە میکانیزمێکی بەهێز بۆ چالاکتر کردنی یەکیەتیی لاوانی دێموکرات ئەویش گرینگی دانی یەکیەتیی لاوانە بە پرسی نەتەوەیی ئەمەیان بۆخۆی میکانیزمێکە کە دەتوانێ یەکیەتیی لاوانی دێموکرات چالاکتر بکا و لە هەمان کاتدا دەرەتانی هاوکاری و پێوەندی و کاری هاوبەشی نێوان یەکیەتیی لاوان و ڕێکخراوەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەشەکانی دیکەی وڵات (کوردستان) زیاتر دەکا، ئەمەش کارو پرۆژەی نوێ دەوێ کە هەرکامیان دەتوانێ بۆ چالاکترکردنی یەکیەتیی لاوانی دێموکرات شوێندانەر بێ.

**دەکرێ ئاماژەیەك بە ئاڵوگۆڕەکانی دیکە کە لەم کۆنگرەیەدا و لە بەرنامە و پێڕەوی یەکیەتیی لاوان دا کراون بکەن؟**

سمایل زارعی: ئەگەر ئیجازەم بدەی پێم خۆشە بە دیوێکی دیکەدا وڵامی پرسیارەکەی بەڕێزت بدەمەوە. جیا لە گۆڕانکاری‌یە زەقەکان لە کۆنگرەدا گەلێك گۆڕانی وردی دیکە رووی دا کە هەموویان بە دەسکەوتی گرینگ هەم بۆ مێژووی رێکخراوەکەمان و هەمیش بە گۆڕانی گرینگ لە مێتۆد و رێکاری رێکخراوەکەمان لە داهاتوودا دادەنرێن. نوختەی بەرچاو و گرینگ ئەوەیە کە هەموو ئەو گۆڕانانە لە رووی ململانێیەکی فیکری و مەعریفی‌یەوە روویان داوە. لێرەوە مژدە دەدەم بە هەموو ئەو کەسانەی کە بە پەرۆشە چاوەڕێی ئاکامی گۆڕانەکانی ناو کۆنگرەن کە ئەگەر لە ناو کۆنگرە ململانێی مەعریفی و لۆژیکی و فیکری زاڵ بوو ئێستاکە هەم لە بەڕێوەبەریی گشتیی و هەمیش لە ئاستەکانی خوارەوەتردا ململانێی تواناییەکان و لێهاتوویەکان هاتۆتە گۆڕێ و جۆرێك "رقابت کار"ی هاتۆتە گۆڕێ کە یەکجار مایەی دڵخۆشی‌یە! بەڵام سەبارەت بە بەشی دووهەمی پرسیارەکەی بەڕێزت گرینگترین گۆڕان لە بەرنامە و پێڕەودا زیاتر داشکان بەرەو رەوتێکی نەتەوەییبوونە، دیققەت فەرموون، نەتەوەییبوون نەك ناسیۆنالیزم بوون. خاڵێکی دیکە کە گۆڕدرا ئەوە بوو کە ئێمە جاران دەمانگوت حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بە رێبەری بزووتنەوەی نیشتمانی و دێمۆکراتیکی گەلی کورد لە کوردستان دەزانین، بەڵام ئێستا خۆمان لەو پێشداوەری‌یە پاراستووە و دەڵێین ئێمە پشتیوانی لە خەباتی نەتەوەیی کورد لە رۆژهەڵات دەکەین. شتێکی دیکە مەسەلەی تەمەنە کە جاران لە ١٥ تا ٣٠ ساڵی بوو بەڵام ئێستا لە ١٥ تا ٣٥ ساڵی‌یە کە ئەوەش گەلێك هۆکاری هەبوو، بۆ وێنە پێشکەوتنی تێکنۆلۆژی و بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاری و تێگەیشتنی لاوەکان و کارایی لاوان تەنانەت لە تەمەنی سەرووتر لە ٣٥ ساڵیدا و پێناسەکردنی لاوان نەك بە پێی تەمەن بەڵکوو بە پێی کارایی و توانایی و لێهاتووی‌یەکانە. هەروەها لە بەرنامە و پێڕەودا گونجێندراوە کە دەبێ هەوڵ بدەین کۆنفێدراسیۆنێك بۆ دیفاع لە ماف و ئازادی‌یەکانی لاوانی کورد دابمەزرێ، ئەوەش لە نەوعی خۆی‌دا هەوڵێکی تازە و داهێنانێکی تازەیە. لە کۆنگرەدا زیاتر گرنگیی بە پرسی ژنان و تووند و تیژی لە دژی ژنان دراوە و لە ئەساسنامەکەشمان دا رەنگدانەوەی هەبووە. سەبارەت بە مافەکانی ئەندامانی رێکخراویش گەلێك گۆڕانی جیددی پێك هاتوە. دیارە هەروەك لە سەرەتای وڵامی پرسیارەکەدا باسم کرد گەلێك گۆڕانی دیکەش روویان داوە کە هیوادارم توانیبێتم نموونەی زەقی ئەو گۆڕانکاری‌یانەم دەستەبژێر کردبێ و لێرەدا باس کردبن.

**هەڵویستی کۆنگرەی چوارەم سەبارەت بەو بەشە لە ئەندامانی یەکیەتیی لاوان کە لەم دواییانەدا بەدوای لەتبوونی حیزبی دێموکرات دا لە ڕێکخراوەکەتان دابڕان چۆن بووە؟**

مەریوان نستانی: هەڵوێستی کۆنگرەی چوارەم سەبارەت بەو هاوڕێیانەمان کە بەدوای لەتبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە لە ڕێکخراوەکەمان دابڕاون هەڵوێستێکی بەتەواوی بەرپرسانە و هەر لەو کاتەشدا دۆستانە بوو. کۆنگرە بە هەست کردن بە بەرپرسایەتیی مێژوویی سەرشانی خۆی لە پەیامێکدا کە لەکاتی بەڕێوەچوونی کۆنگرەدا بۆ هاوڕێیانی پێشوومان نێردرا و ڕۆژی دواتریش بڵاوکرایەوە، داوای لەو هاوڕێیانە کرد کە پێشوازی لە داوای کۆنگرەی چوارەم بۆ یەکخستنەوەی ڕێزەکانمان بکەن، ئەگەرنا دەرگاکانی هاوکاری و پێوەندی دۆستانە دانەخەن. ئەو داوایە لە هەست کردن بە گرینگیی هاوکاری و تەبایی و لە لایەکی دیکەوە پێداگرتنەوەیە لەسەر ئەو ڕاستی‌یە کە کێشەکانی ئەو دواییانەی نێو ڕیزەکانی یەکیەتیی لاوان هیچ کات هەڵقوڵاوی دەروونی ئەم ڕێکخراوە نەبوون، بەداخەوە ئەوە زۆرینەی ڕێبەریی حیزب دوای کۆنگرەی ١٣ بوو کە دەیەویست یەکیەتیی لاوانیش یەکدەست بکا و بوو بە هۆکاری لێکدابڕینی ڕێزەکانی یەکیەتیی لاوانیش.

ئێمە لەسەر ئەو بڕوایەین کە لە یەکیەتیی لاواندا کێشەیەکی ئەوتۆمان نیە کە نەتوانین چارەسەری بکەین، هاوڕێکانمان کە لێمان دابڕاون بە نەیار نازانین و هەمووکات ئامادەی هاوکاری و کاری هاوبەشین و ئامادەی ئەوەین کە بە میکانیزمێکی گونجاو ریزەکانیشمان یەک بخەینەوە، بۆئەوەی هەموومان بەیەکەوە خزمەتی گەورەتر و بەرچاوتر بە لاوانی کوردستان بکەین.

**پێت وایە ئەم کۆنگرەیەی ڕێکخراوەکەتان دەتوانێ چ دەورێکی لە چالاککردنی ڕێکخراوەکانی لاوان دا هەبێ؟**

مەریوان نستانی: ئەم کۆنگرەیە لە زۆر بواردا دەتوانێ بە سەرەتای کۆمەڵێك گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە ستراتیژ و بەرنامەکانی ڕێکخراوەکەماندا لەقەڵەم بدرێ. کۆمەڵێک گۆڕانکاری زۆر قوڵ و بنچینەیی لە کۆنگرەدا بڕیاریان لەسەر دراوە کە هەموویان دەتوانن ڕۆڵیان هەبێ لە چالاککردنی یەکیەتیی لاوانی دێموکرات دا، مەسەلەیەکی دیکەی جێگای سەرنج ئەوەیە کە لەبەر ئەوەی هێندێک لە خاڵەکان و ئامانجەکانی یەکیەتیی لاوان بەتەواوی نوێن بۆیە دەبێ میکانیزمی



مەریوان نستانی

بەتەواوی نوێ دابڕێژین و کاریان پێبکەین. ڕێکخراوەکانی لاوان دەتوانن بەشێوەیەکی کاراتر لە جاران خۆیان نیشانبدەن و چالاکی بنوێنن.

**جیا لەوانە چ شتێکی دیکە وەك داهێنانی نوێ هاتۆتە گۆڕێ؟**

سمایل زارعی: داهێنانێکی نوێی دیکە دامەزرانی کۆمیتەی ئامادەکاری کۆنگرەیە کە لە شەش مانگ پێش گرتنی کۆنگرەدا لە لایەن بەڕێوەبەریی‌یەوە هەڵدەبژێردرێ و دەست بە کارەکانی دەکا. ئەرکەکانیشی بریتیی دەبن لە گرتنی کۆنفرانس، گرتنی کۆبوونەوە، کردنەوەی گەلێك رێگا و دەرگا بۆ باسی جیددی سەبارەت بە کۆنگرە، پێکهێنانی مەیدانێکی ململانێی بۆ فکر و ئیدە نوێیەکان کە لە کۆنگرەدا دێنە بەر باس، پێداچوونەوە بە گلەیی و گازەندە و رەخنەکان و پێشنیارەکان دا و گەلێك کاری دیکە کە هەموویان پێوەندییان بە کاروباری ئامادەکاریی کۆنگرەوە دەبێ. بە زمانێکی ساکارتر دەمەوێ بڵێم ئەو کۆمیتەیە دەتوانێ ئاستی چییەتی (کیفیت)ی کۆنگرە بباتە سەر و پێشەکی زۆر کێشەی لاوەکی و ناپێوەندیدار بە کۆنگرە چارەسەر بکا تا کۆنگرە کاتی خۆی بە هێندێك کێشە و باسی لاوەکی‌یەوە تێپەڕ نەکا.

**لە کۆنگرەی سێهەمدا دووکەس لەدەرەوەی وڵات بۆ کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتیی هەڵبژێردران بەڵام لەم کۆنگرەیەدا کەستان لە دەرەوەی وڵات هەڵنەبژاردوە دەتوانن بەکورتی سەبارەت بەم مەسەلەیە بۆمان بدوێن؟**

مەریوان نستانی: ئێمە بەدروستمان نەزانی لە جێگای ئەندامانی یەکیەتیی لاوان لەدەرەوەی وڵات بڕیاربدەین کە بەخۆشیەوە سەدان ئەندامان هەیە. هەروەک دەزانن نوێنەرایەتیی یەکیەتیی لاوان ساڵانە بە بەشداری نوێنەرانی هەموو کۆمیتە و ڕێکخراوەکانی یەکیەتیی لاوان لەدەرەوەی وڵات کۆنفرانسی خۆی بەڕێوەدەبا، کۆنگرەی چوارەم ئەو مافەی داوە بەم کۆنفرانسە کە چوار ئەندامی بەڕێوەبەری گشتیی هەڵبژێرن و لەگەڵ ئەندامانی بەڕێوەبەری گشتیی هەڵبژێراوی کۆنگرەی چوارەم کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتیی تەواوبکەن، بەم بڕیارە ئاسانکاریمان کردوە کە ئەندامانی یەکیەتیی لاوان لەدەرەوەی وڵات ڕۆڵی ڕاستەوخۆیان هەبێ لە هەڵبژاردنی ئەو کەسانەدا کە ڕێبەرایەتیی ڕێکخراوەکەمان دەکەن، لەلایەکی دیکەوە مافی دەیان ئەندامی دیکەی یەکیەتیی لاوانمان لەبەرچاوگرتوە کە لە دەرەوەی وڵات زۆر چالاکانە کاردەکەن و ئێستا لە کۆنگرەدا بەشدار نین. لەهەمان کاتدا ئەمەیان بەشێکە لەو میکانیزمەی کە بۆ زیاتر لێک نزیک کردنەوەی ڕێکخراوەکانی لاوان لە دەرەوەی وڵات پەسەند کراوە.

## هاوڕێکانمان کە لێمان دابڕاون بە نەیار نازانین و هەمووکات ئامادەی هاوکاری و کاری هاوبەشین و ئامادەی ئەوەین کە بە میکانیزمێکی گونجاو ریزەکانیشمان یەک بخەینەوە

# سەرنجێك لە سەر دیمۆکراسیی گلۆبال

ئامادە کردن‌و نووسینی: عەزیز شێخانی، خوێندکاری دوکتۆرای سیاسەتی نێونەتەوەیی

"لاپەڕی ئازاد" دەرەتانێکە بۆ هاتنەگۆڕی بیروڕای جیاواز لە بارەی مەسەلە جۆراوجۆرەکان لە "کوردستان"دا. "کوردستان" تەنیا وەك مەیداندان بە بۆچوونی جیاوازو ڕێزلێ‌گرتنیان ئەم دەرەتانەی پێك هێناوە، ئەگینا نووسەران خۆیان لە نێوەرۆکی ئەو بۆچوونانەی لەم لاپەڕەیەدا بڵاودەبنەوە، بەرپرسیارن.

**سەرتا**

سەردەمی ئێستا قۆناغێکی تازەیە لە باسکردن لە مەسەلەکانی وەك دیمۆکراسی‌و بە جیهانیبوون. زۆر جار ئەو پرسیارە خۆی قوت دەکاتەوە کە ئایا دیمۆکراسی دەکرێ ببێتە نۆرمێکی جیهانگیرو بەرفرەوان، واتە دیمۆکراسیی گلۆبال. ئەمەش خۆی پرسیارێکی زەقکراوەیە، کە بە گوێرەی کات‌و مەڵبەندی جیاواز گرینگی‌و قورسایی خۆی نیشان دەدا. بە گشتی ئەمڕۆ لە زۆربەی شوێنەکانی دنیادا دیمۆکراسی وەك فۆرمێکی تایبەت بە ئیدارەکردن ناسراوەو بوونی سیستەمە سیاسی‌و چەند حیزبی‌و تەنانەت پرۆسەی هەڵبژاردنەکان هەموویان بە شێوازێکی ڕێژەیی ئەم بیرۆکەیە بەهێز دەکەن.

لەمەڕ بەجیهانیبوون‌و گلۆبالیزم باوەڕێك هەیە، کە ئەم ڕەوتە شوێنەواری لەسەر هەموو لایەنەکانی ژیان داناوەو دادەنێ. هەر جۆرە پشت تێکردن‌و خۆپەنادانێك سوودی نیەو سەرئەنجام سێبەری ئیمپراتۆریی بە جیهانیبوون دەیگرێتەوە. لەم قۆناغەدا پرسیارێکی گرینگ دێتە ئاراوە، کە چۆن دەکرێ‌و دەگونجێ دیمۆکراسی بە شێوازێکی گونجاو وەك نۆرمێکی بەرفرەوان لەسەر پانتای تۆپی زەوی بگونجێندرێ.

لە سەرەتاکانی ساڵی ٢٠٠٠ی زایینی‌یەوە بە شێوەیەکی بەرفرەوان باس لە دیمۆکراسیی جیهانی دەکرێ‌و مشت‌و مڕێکی زۆری ناوەتەوە. ئەم دەستەواژەیە خاوەنی دۆست‌و نەیاری خۆیەتی‌و ئێستاش ئەم دژبەرییەی

**سنووری دیمۆکراسی، زۆرایەتی مافی خنکاندنی دەنگی کەمایەتیی نیە. زۆرایەتی نابێ‌و ناکرێ خەباتی کەمایەتی بۆ گەیشتن بە ماف‌و پێگەی بەرامبەر بەربەست بکاو کۆسپ‌و تەگەرەی بۆ بنێتەوە.**

نێوان لایەنگران‌و نەیارانی ئەم بیرۆکەیە درێژەی هەیە، دەکرێ بپرسین دیمۆکراسیی جیهانی لە سەر کام بنەماو ماف دادەمەزرێ؟ دەسپێکی ئەم پرۆسەیە، لە سەر چ بناخەیەك دادەمەزرێ؟ ئایا ئەم بنەماو بناخانە خاوەنی لایەنگری پێویست‌و دەکرێ ئامانجەکە بپێکن؟ ئایا ئەم دەسپێکردن‌و پرۆسانە لەسەر بناخەی ریالیزم ڕۆنراون یان ڕێچکەی خەیاڵ‌و ئۆتۆپیا دەگرنەبەر؟

ئاڵوگۆڕ پێکهێنان لەسەرجەم ڕێکخراوو بنکەو بنیاتی نێونەتەوەیی‌و جیهانی نابێتە هۆکاری دروست کردنی دیمۆکراسیی جیهانی. هەر ئاڵوگۆڕێکی لەم جۆرە پێویستە لەسەر بناخەی دیمۆکراسی دابمەزرێن‌و لەگەڵ ئەوەشدا سەرتاسەری‌و جیهانی بن. ئەم کارە زۆر ئاسان نیەو پێویستە تێگەیشتن‌و لێکدانەوەکانی ئەمڕۆیی سەبارەت بە دامودەزگا نێونەتەوەیی‌یەکان دابەش‌و ریزبەندی بکرێن. پێشنیارەکان بۆ پێکهێنانی ئەو ئاڵوگۆڕانە بە دوو تەوەردا دابەش دەکرێن. لایەنی یەکەم ئەو جۆرە پێشنیارانەن کە بە گوێرەی ئەوان ئاڵوگۆڕەکان نابێ قەوارەی سەرەکیی بنکەو دامودەزگا جیهانییەکان بگرنەوە. بەم واتایە ئاڵوگۆڕەکان بە دوور بن لە قەوارەی سەرەکیی ناوەندو بنکە نێونەتەوەیی‌یەکان‌و هەر جۆرە ئاڵوگۆڕێك پێویستە لە ژێر چەتری ئەم دامودەزگایانەدا پێك بێ. لە بەرامبەردا جۆری دووهەم پێی وایە کە ئاڵوگۆڕی جیددی‌و شوێندانەر دەبێ خاوەنی تایبەتمەندیی بەرفرەوان بن‌و قەوارەو چوارچێوەی ئەم ناوەندانەش بخەنە ژێر رکێفی خۆیان. بەشێکی زۆری ئەم پێشنیارانە بۆ ئاڵوگۆڕی ڕێکخراوەکانی وەك نەتەوە یەکگرتووەکان، بانکی جیهانی، بازرگانیی جیهانی‌و هتد هاتوونەتە ئاراوە. لەو نێوەدا زۆر پێشنیاری تایبەت بۆ دامەزراندنی هێندێك ناوەندو بنکەی جیهانی وەك پارلمانی جیهانی، کۆمیسیۆنی نێونەتەوەیی ڕاستی‌و حەقیقەت‌و ڕێکخراوی باج‌و ماڵیاتی ئەرزیی نێونەتەوەیی پێشکەش کراون.

**تیۆریی دیمۆکراسی وەك دەسپێکی ڕەوتی بەجیهانیبوونی دیمۆکراسی**

هەر جۆرەکاروکردارێك بۆ هاتنە کایەی دیمۆکراسیی جیهانیی لە سەر جۆرێك تیۆریی دیمۆکراسی چەق دەبەستێ. لێرەدا تێگەیشتنەکان لە مەڕ دیمۆکراسی‌و زۆر بواری دیکە لێك جیاوازن. ئەم لێك جیاوازییەش لە ئاکامدا دەبێتە هۆی لێکدانەوەی بەردرێژو تەنانەت چەق بەستوو، کە زۆر جار یەکترو ڕوانگەی بەرامبەر ڕەت دەکەنەوە. باشترین ڕێگا بۆ تێگەیشتن لە دیمۆکراسی ئەوەیە، کە ئەم بابەتە وەك پرۆسەو ڕەوتێکی ئاوەڵا چاو لێ‌بکرێ. هیچ جۆرە نموونەو کلێشەیەکی دیمۆکراسی نیە، کە ئەوەندە بەهێزو بەرفرەوان بێ، کە ڕێگای هەر جۆر قووڵبوونەوەو بەرفرەوان بوونێك لە ئەگەرەکانی جۆراوجۆریی دیمۆکراسی بەربەست بکا. دیمۆکراسی ئەگەر لە ڕەوتی ژیانی خۆیدا بەرفرەوان نەبێ‌و قووڵ نەبێتەوە، بێگومان دەبێتە هۆی کەڵەکە بوونی دەسەڵات لە دەست تاقمێکداو بێجگە لەوەش جۆرێك گەندەڵی دروست دەکا. ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان نموونەی زیندووی ئەم بوارەیە.

لە باسی دیمۆکراسی‌دا دەکرێ وەك سەرەتاکانی ئەم بابەتە باس لە دیمۆکراسیی نوێنەرایەتی‌و بەشداربوون بکەین. کاتێك کەسێك یان لایەنێك لە مەڵبەندی بڕیاردان ئامادە نیە بە هۆی نوێنەرایەتی کردنەوە دەکرێ جۆرێك لە ئامادە بوونی خۆی لە ڕەوتی بڕیاردانا بنوێنێ. لە سەر دیمۆکراسیی نوێنەرایەتی زۆر گرفت دێتە کایەوە. بۆ وێنە چ کەسێك یان لایەنێك کاری نوێنەرایەتی ڕادەپەڕێنێ‌و لە ڕاستی‌دا چ کەس‌و کۆمەڵێك نوێنەرایەتی دەکا؟ بۆ وەڵامدانەوە بە کێشەو گرفتەکان دیمۆکراسیی نوێنەرایەتی، دەنگدان‌و هەڵبژاردن بە ڕێگاچارەی گونجاو دەستنیشان دەکا.

لایەنی دیکە شێوازی بەشداریکردن زەق دەکاتەوەو ئەم ڕێگایە بە باشترین ڕێگا دەزانێ. ئەم پێشنیارەش بە دوور نیە لە کۆمەڵێك ڕەخنەو گازندە. ئەمە ڕەوتی پرۆسە کۆمەڵایەتی‌و مرۆڤییەکانە، کە هەر کامیان بە ڕادەی پێویست‌و لە قەبارەی خۆی‌دا پرسیاری ئاراستە دەکرێ‌و لە بەردەم زۆر پرسیاری بێ وەڵامدا خۆیان دەبیننەوە. بە کورتی ڕێگاچارەی لیبرالیستەکان بۆ ئەم کێشەیە بەشداریی بەرفرەوانی هەموو لایەکە لە بڕیارە گرینگ‌و چارەنووسسازەکاندا (بۆ وێنە ڕێفراندۆم‌و دەنگدانی گشتی).

تیۆریزانی زانستی سیاسی Jhon Dryzek لە سەر ئەو باوەڕەیە کە دیموکراتیزە کردن‌و ڕەوتی بە دیمۆکراسیبوون لە ڕێگای ئەم چەند خاڵەی خوارەوە دەستەبەر دەبێ:

- مافی دەنگدان، واتە چەندەو چ ڕادەیەك خەڵك دەتوانن لە پرۆسەو ڕەوتە سیاسییەکاندا بەشدار بن.

- پیشەی دیمۆکراسی، بەو مانایە کە دیمۆکراسی لە چ بوارو لایەنێکی ژیانی ڕۆژانە، سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌دا لەگەڵ لێکدانەوەو بۆچوونەکانی ئەسڵی دیمۆکراسی پێوەندی‌یان هەیە.

- بوونی دیمۆکراسی بەو واتایە، ئایا ئەم دیمۆکراسییە ڕەمزی‌و سەمبولیکەیان پڕ بە پێستی خۆیەتی‌و لە مەیداندا کاری پێ‌دەکرێ‌و کەسانی پسپۆڕو شارەزا بۆ قووڵکردنەوەی ئەم بوارە تێکۆشانیان هەیە.

- سنووری دیمۆکراسی، زۆرایەتی مافی خنکاندنی دەنگی کەمایەتیی نیە. زۆرایەتی نابێ‌و ناکرێ خەباتی کەمایەتی بۆ گەیشتن بە ماف‌و پێگەی بەرامبەر بەربەست بکاو کۆسپ‌و تەگەرەی بۆ بنێتەوە.

لە بوارەکانی وەك نێونەتەوەیی، ناوچەیی، پێوەندییە جیهانی‌یەکان‌و چەند نەتەوەیی‌یەکاندا، وا باشە ئەکتەرە سەرەکی‌یەکان دیاری بکرێن. ئەکتەرە گرینگ‌و خاوەن پێگەکانی بواری نێونەتەوەیی‌و جیهانی بریتین لە:

- دەوڵەتەکان، کە ئەو هاونیشتمانانە نوێنەرایەتی دەکەن، کە خاوەنی مافی دەنگدانن.

- ئەو ڕێکخراوو لایەنە سیاسی‌یانەی کە بەشێکن لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی‌و لە ڕاستی‌دا خۆیان ئۆرگانیزە کردوەو بوونەتە ئەکتەرێکی سیاسیی.

- ئەو نەتەوانەی کە بوونیان هەیە.

**ڕەوایی‌و بەرحەقبوونی ئاڵوگۆڕە دیموکراتیکەکان‌و چۆنیەتیی جێبەجێ‌کردنیان**

نرخی دیمۆکراسی چیەو چۆن مەزەندە دەکرێ؟ ڕێکخراوە نێونەتەوەیی‌یەکان‌و نێودەوڵەتی‌یەکان چۆن ئاڵوگۆڕیان تێدا دروست دەکرێ‌و لە سەر بنەمای کام ماف؟ ئایا ئەو ئارگۆمێنت‌و هۆکارانەی بەم ئاڵوگۆڕانە پێشنیار کراون گونجاوو قابیلی جێبەجێ بوونن؟

بە گوێرەی ئارگۆمێنتە سیاسی‌یەکان بۆ پێکهێنانی سیستەمی سیاسی، ئاڵترناتیڤ‌و جێگرەوەی باشتر لە دیمۆکراسی نیە. لەو بارەیەوە تیۆریزانی سیاسەت Hannah arnedt بڕوای وایە کە تێکۆشانی سیاسی‌و ئاخاوتن لە بەرزترین ئاستی ڕەمزەکانی بوونی مرۆڤایەتین. بەو واتایە ئاخاوتن‌و بیرکردنەوەی مرۆڤ وێڕای بەشداریکردن لە کاروباری سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و هتد لە خاڵە بەرزو بەهێزەکانی مرۆڤ دەژمێردرێن. نرخی دیمۆکراسی دەکرێ بە ئاماژەکردن بۆ هێزو تواناکانی دیمۆکراسی بۆ بوارە گرنگەکانی ژیانی مرۆڤایەتی دەستنیشان بکەین. ئاشتی، بەرابەری، خاوەن هێزی‌و بەرپرسایەتی‌و تەنانەت پێڕاگەیشتن‌و ئاوڕدانەوە لە سروشتی ژینگە لەو بابەت‌و خاڵانەن کە کۆڵەکەکانی ڕاستەقینەی دیمۆکراسی پتەوتر دەکەن. لەم قۆناغە دایە کە دەکرێ نرخی دیمۆکراسی وەك نرخێکی ئامێری تێ‌بگەین.

بەرفرەوانکردن‌و پەرەپێدانی سوننەت‌و فەرهەنگی دیمۆکراسی زۆر لەوە گرانترو ئەستەمترە، کە مرۆڤ دانی پێدا دەنێ. بەڵام لەگەڵ هەمووی ئەوانەش دا لە چوارچێوەو ژیانی مرۆڤ دا هەموو شتێك بە دوور لە سات‌و کات جێبەجێ بوونەکەی زۆر دژوارە. هەر بۆیە پێویستە هەر جۆرە پێشنیار بۆ دیموکراتیزە کردنی بنکەو ناوەندە نێودەوڵەتی‌و جیهانییەکان زۆر بە پارێزو وردبینی‌یەوە ئاراستە بکرێن. لە بەرینی‌و فرەوانیی ژیانی ئەم سەردەمەو لێك گرێدراوبوونی بوارو لایەنەکانە، کە هەر کامیان بە جۆرێك لەسەر ئەوانی دیکە دەورو نەخشی هەیەو لە بەرامبەریشدا لە ژێر ئاڵوگۆڕ دایە.

بەڵام نوێکردنەوەو ریفۆرم لە کردەوەدا خوازیاری ژیرو بیرکردنەوەی بەرفرەوان‌و قووڵە. ئەم پرۆسەیە پێویستیی بە زانیاری‌یەکی چڕوپڕە سەبارەت بە فێربوون‌و وانە وەرگرتن لە ڕابردووداو ئێستای نموونەکان. بێجگە لەوە پێویستیی بە لێکدانەوەی ڕێك‌و پێکە، لە مەڕ قۆناغی سروشتی مێژووی ئاڵوگۆڕەکان‌و شوێنەواری ئەوان لەسەر ڕەوتی جێبەجێبوونی ڕێفۆرم. لەگەڵ داهێنانی بیرۆکەی ریالیستانەی ئاڵوگۆڕ وا باشە بۆ تاقیکاری لە مەڕ ئاکامی ڕەوتی ئاڵوگۆڕەکان جۆرێك بیرۆکەی تاقیکاری دەستنیشان بکرێ. نەبوونی ئاڵوگۆڕ لە ڕەوتە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا، لە هەناوی خۆی‌دا جۆرێك دژبەر دروست دەکاو سەرئەنجام پێداویستی نوێکردنەوە دەخولقێنێ. بەڵام زۆر ڕەوت‌و پرۆسەی نوێ‌کردنەوەش، ئەگەر لەسەر بناخەی تەواو ئۆتۆپیایی‌و خەیاڵی بن، ئاکامی ڕەنگە زیانباریان لێ‌بکەوێتەوە. زۆرجار دیتراوە کە گرفتی نوێکردنەوەش لە کێشە کۆنەکان بەرفرەوانترو ترسناکترن. لە هەمووی گرینگتر ئەوەیە، کە هەر جۆرە بەرنامەو بیرۆکەیەك بە ئاسانی پراکتیزە ناکرێ. چوارچێوەی مێژوو سات‌و کات هەمیشە کاریگەریی سەرەکیی هەیە لە سەر ئاست‌و ڕێژەی پراکتیزەکردنی هەر جۆرە بیرۆکەیەك. زۆر جار بە پێداچوونەوەو چاککردنی بیرۆکەی داڕێژراو ئەو قازانجەی دەبێ کە بیرۆکەی لەهێڵەکدراو بە کەلکی پراکتیزەبوون‌و وەعەمەل هێنان بێ. لە ڕاستی‌دا بەرفرەوان کردن‌و پەرەپێدانی دیمۆکراسی‌و لەهێڵەکدانی بە مەبەستی جێبەجێکردنی بەبێ لێکدانەوەو وردکردنەوەی خەست ناتوانێ بێتە کایەوە.

**کۆتایی**

دیمۆکراسی‌و سیستەمی سیاسیی ڕەگ داکوتاو لەسەر بناخەکانی دیمۆکراسی لە باشترین سیستەمی سەردەمی ئەمڕۆی جیهانە. زۆربوونی زانیاری‌و ئاڵوگۆڕی زانیاری لە نێوان کۆمەڵگای مرۆڤایەتی‌و ئاکامی شەڕە گەورەو بچووکەکان ئەم سۆزەی بەرامبەر بە دیمۆکراسی دروست کردوە کە لە گۆشەو کەناری دنیای ئەمڕۆ زۆر نەتەوەو لایەن‌و تاقم لە پێناوی دەستەبەرکردنی ئەو مافانەدا خەبات دەکەن. هاتنەکایەی دیمۆکراسیی گلۆبال بە هەموو لایەنە خەیاڵی‌و ئۆتۆپیاکانییەوە ئاماژەیەکە بۆ دواڕۆژێکی باشترو هێمنانەتر. بەڵام بەرفرەوان کردن‌و پەرەپێدانی ڕەوتی ناوبراو هەوڵ‌و تەقەلایەکی زۆرو پشوو درێژی‌یەکی کەم وێنەی پێویستە. بۆ چوون بەرەو ئەو لێوارەو ئەم مەیدانە چاکتر وایە کە بەرنامەو پرۆژەی چاکسازی لە ژێر هەڵسەنگاندنێکی چڕوپڕ تێپەڕ دەبن‌و لەگەڵ ئەوەشدا مەزەندەی ئەو لایەن‌و خەڵکانە بکرێ کە پشتگیرو لایەنگری ئەم چاکسازییەن. ئەو پرۆژانەی کە خاوەنی لایەنگرێکی بەرفرەوانن، دەکرێ لە شکڵ‌و شێوەی جۆراوجۆردا ڕێکبخرێن‌و ئۆرگانیزە بکرێن. بۆ جێبەجێبوونی بەرنامەی چاکسازی‌و دیموکراتیزەکردن تەنیا لایەنگریی خەیاڵی بەس نیەو باش وایە لەسەر پشتیوانیی سیاسیی مەوجوودو واقعی حیساب بکرێ. دەبێ سنووری تێگەیشتن‌و هەڵسەنگاندنەکان ڕوون‌و دیار بن‌و لە بەستێنی ریالیستی‌و واقعگەرایی‌دا تاوتوێ بکرێن. لە جیاتی خۆخەریك کردن بە شتی لاوەکی‌و خەیاڵی لێکدانەوەی وردو چڕی ئەکتەرە سیاسی‌و جیهانی‌یەکان زۆر بەسوودو بەکەڵکە. لە مەیدانی ئەگەرەکانی ئاڵوگۆڕدا بەجێیە کە یاساو ڕێساکانی کۆمەڵایەتی بەکردەوە لەبەرچاو بگیرێن‌و دابەشکرانی هێزو وزەو کانگا سروشتی‌یەکان لەبیر نەکرێن. بە گشتی داهاتوو کراوەیەو دەرگای داهاتوو بە ڕووی ئاڵوگۆڕەکاندا لەسەر پشتە. ئەم ئاواڵە بوونەی دەرگای داهاتوو بێگومان هەڵگری پەیامی ڕەنگاورەنگە. لە لایەك پەیامی پڕ لە ئومێدو ئارەزوو لە لایەکی دیکە پڕ لە ترس‌و نیگەرانی.

لە مەیدانی داواکاری بۆ هاتنە کایەی ئاڵوگۆڕی زۆرترو بە دیمۆکراسیکردنی زیاتری بنکەو دامودەزگا نێودەوڵەتی‌و جیهانی‌یەکان نابێ کێشەی نێوان دەوڵەتەکان لە یاد بکەین. بێجگە لە کێشەی دەوڵەتەکان وەك دەوڵەت، کۆمەڵێك گرفتی دیکەش بەرۆکی ئەو نوێبوونەوەیەیان گرتوە. کێشەی نێوان باکوورو باشوور، واتە وڵاتە دەوڵەمەندو هەژارەکان، کێشەی نێوان کولتوورو ئایینەکان، گرفتی تایبەت بە ناوەندەکانی وەك نەتەوە یەکگرتووەکان، بانکی جیهانی‌و ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی هەموویان لە گۆشەی خۆی‌دا هەودایەکی جاڵجاڵۆوکەیین کە بەریان بە دیمۆکراسی‌و دیموکراتیزەکردن گرتوە. بێجگە لەوە کێشەی ئەو نەتەوانەی کە خاوەنی دەوڵەت نین‌و تەنانەت بە نەتەوەو کەمایەتییش ناژمێردرێن وێڕای کێشەکانی تایبەت بە سروشت‌و ژینگە، ئابووریی جیهانی، شەڕو ئاشتی، دیکتاتۆری‌و سەرەڕۆیی‌و جینۆسایدی بەکۆمەڵی مرۆڤەکان، تاقمەکان، نەتەوەکان‌و تەنانەت جینۆسایدی کولتووری‌و زمانەوانی هەموویان بارێکی قورسن لەسەرشان‌و پیلی ڕەوتی بە دیمۆکراسیکردنی جیهان.

وێدەچێ دروستکردن‌و پێکهێنانی پارلمانێکی جیهانی‌و کومیسیۆنەکانی تایبەت بە حەقیقەت‌و ڕاستی‌و زۆر شتی دیکەش هێشتا لە سەرەتای ڕێگادا بن‌و زۆری ماوە، بۆ ئەوەی دیمۆکراسی وەك کۆنسێپت‌و تەوەرێك بۆ دامەزراندنی سیستمێکی سیاسی‌و ئیدارەیی جیهانگیر سوودی لێ‌وەربگرێ. دەسەڵاتی سیاسی، بازرگانی، نیزامی‌و زۆر تایبەتمەندیی دیکەی زاڵ بەسەر دەوڵەتەکانی جیهاندا ئاسۆی پێکهێنانی دیمۆکراسییەکی ساوای بەربەست کردوەو بارودۆخی ئێستای نەتەوە یەکگرتووەکان وێنەی زیندووی ئەم باسەیە. داهاتوو سنووری نێوان هەژارو خاوەن سامانەکان، بێ‌هێزو خاوەن دەسەڵاتەکان، کولتوورو فەرهەنگە لێك جیاوازەکانی وەك ڕۆژئاوایی، ڕۆژهەڵاتی دوورو ئیسلام‌و هتد لە مەڕ گەشەکردن‌و پەل‌و پۆکردنی دیمۆکراسیی کراوە بۆ ناوچە جیاجیاکانی جیهان شوێندانەر دەبن. ئاسۆی دیمۆکراسی‌و پراکتیزەکردنی دیمۆکراسیی تاك‌و کۆمەڵیش لە بازنەی خۆی دەرناوێ‌و بێگومان لە ژێر دەواری چەمکی دەسەڵاتی گەل دا زۆر چەمك‌و دیاردە دەپشکوێن کە لە کۆی هەمووی ئەواندان چارەنووسی مرۆڤایەتی‌و کۆمەڵگای ئینسانی دیاری دەکرێن.

سەرچاوە: Heikki Patonmai& Teivo Teivainen, Globaali Demokratia (2003), Tampere



دریژەی

# هەواڵەکان

## سلێمانی

### کەمپێنی خوێندکاران بۆ ئازادیی عەدنان حەسەنپوورو هیوا بۆتیمار کۆتایی پێ هات

کاتژمێر ٥ی ئێوارەی ڕۆژی دووشەممە ٦ی ئووتی ٢٠٠٧ لە هۆتێل ئاشتیی شاری سلێمانی، کونفرانسێکی ڕۆژنامەوانی لە لایەن کەمپێنی هاوبەشی پشتیوانی لە عەدنان حەسەنپوورو هیوا بۆتیمار بەڕێوە چوو. ئەم کۆنفرانسە کە بەڕێوەبەرانی بریتی بوون لە مادیح ئەحمەدی، محەمەد ئیزەدیو ئاسۆ جەببار سەرەتا بە ڕاپۆرتێك سەبارەت بە بارودۆخی ئەو دوو ڕۆژنامەوانە دەستبەسەر کراوە لە ڕۆژی گیرانەوە تا ئێستا پێشکێش کرا. دواتر نوێنەرانی میدیاو تەلەڤزیۆنو ڕۆژنامە کوردییەکان پرسیارەکانی خۆیان لەگەڵ بەڕێوەبەرانی کۆنفرانس هێنایە گۆڕێ. شایانی باسە لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانیشەوە رامبود لطف پووریو هێمن سیدی (راوێژکارانی کومیتەی ناوەندی)و سمایل شەرەفی (هەواڵنێری رادیۆ دەنگی کوردستانوKURDchannel) ئامادەی کۆنفرانسە بوونو بە باسو پرسیار بەشدارییان لە کۆنفراسەکەدا کرد. لە کۆتاییش دا نوێنەری خوێندکارانی مانگرتووی ڕۆژئاوای کوردستان کە بۆ ماوەی ٣ ڕۆژ مانیان گرتبوو ڕاپۆرتێکی سەبارەت بەو چالاکییەو ئامانجەکانی پێشکێشی ئامادەبوانی کۆنفرانسەکە کرد. جێی ئاماژە پێ کردنە کە خاتوو لەیلا حەسەنپوور خوشکی ڕۆژنامە نووس عەدنان حەسەن پووریش لەو کۆنفرانسەدا بەشداریی کردبوو.

## هەولێر

### کەمپێنی سێ ڕۆژەی خوێندکاران بۆ ئازادیی عەدنان حەسەنپوورو هیوا بووتیمار کۆتایی پێ هات

کاتژمێر ٨ی دوانیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ١٥ی گەلاوێژ (٦ی ئووت) بە بۆنەی کۆتایی کەمپێنی سێ ڕۆژەی ژمارەیەك لە خوێندکارانی کورد بۆ نارەزایی نیشاندان بە حوکمی ئیعدامی داسەپاو بە سەر دوو ڕۆژنامەڤانی کورد دا کۆنفرانسێکی چاپەمەنی پێك هات.

لە سەرەتای ئەم کۆنفرانسە دا کە لەبەردەم بارەگای سەندیکای ڕۆژنامە نووسانی کوردستان پێك هاتبوو، فیروز میهەمی یەکێك لە بەڕێوەبەرانی مانگرتنەکە سەبارەت بە کارنامەی ڕۆژنامەڤانیو چالاکییە فەرهەنگیو مەدەنییەکانی عەدنان حەسەنپوورو هیوا بووتیمار دوا. بە دوای ئەوەدا فەرهاد عەونی سەرۆکی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ ئەو شەپۆلی پشتیوانییەی لە کوردستانو لە ئاستی نێونەتەوەیی دا لەو دوو چالاکە فەرهەنگییەی کورد وەرێ کەوتوەو هەروەها هاوپێوەندیی ڕۆژنانووسانی کورد لە پارچەکانی کوردستان وتارێکی پێشکێش کرد.

لە برگەیەکی دیکەی کۆنفرانسەکەدا بەڕێوەبەرانی کەمپێنی پشتیوانی لە عەدنان حەسەنپوورو هیوا بووتیمار وەڵامی پرسیارەکانی ڕاگەیەنە گشتییەکانیان دایەوە.

شایانی باسە شاندێکی دەزگای ڕاگەیاندنو ڕێبەرایەتیی حیزب بریتی لە عەولا بەهرامی راوێژکاری کۆمیتەی ناوەندیو مەسعوود ڕەواندووست لەم کۆنفرانسە دا بەشدار بوونو پەیامی دەزگای ڕاگەیاندنو دەفتەری سیاسییان پێشکێش بە بەڕێوەبەرانی کەمپێنەکە کرد.




### دەرچوونی حوکمی شەللاق لێدرانو زیندان بۆ ژمارەیەك لە بەندکراوان

دادگای شاری مەریوان حوکمی زیندانو شەڵلاق لێدانی بۆ ژمارەیەك لەو کەسانە دەرکردوە کە ماوەیەك لەمەوبەر لە لایەن ڕێژیمەوە دەستبەسەر کرا بوون. ناوی ژمارەیەك لەو کەسانەی حوکمیان دراوە بریتین لە: ١ـ نازر قەسیمی، ٥ ساڵی زیندانو ١٠ شەڵلاق، ٢ـ فەرهاد مەحموودیان ٣ ساڵ زیندانو ١٠ شەڵلاق، ٣ـ ئیرەج کەششی ٢ ساڵ زیندانو ١٠ شەڵلاق.

شایانی باسە ئەو کەسانە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ حیزبە کوردییەکانو هەڵگرتنی ئاڵای کوردستانیان خراوەتە پاڵ.

## کامیاران

### زیندانییەك بە هۆیەکی نادیارەوە مردوە

کەسێکی بەندکراوی سەقزی بە ناوی حامید فەرجی ڕێکەوتی ١٦ی گەلاوێژ لە زیندانی شاری کامیاران بە هۆیەکی نادیار گیانی لە دەست داوە. بەرپرسانی زیندان ڕایان گەیاندوە ناوبراو خۆی کوشتوە.

## سەقز

### بەڕێوەچوونی مانۆڕێکی هێزەکانی ڕێژیم

لە ڕۆژی سێشەممە ١٣٦٨/٥/١٣وە ڕێژیم مانۆڕێکی نیزامی بۆ ماوەی ٥ ڕۆژ بەڕێوە برد. ڕۆژێك پێش دەست پێکردنی ئەم مانۆرە، خەڵکی ئاواییەکانی "کەسنەزان"، سماقلوو"، "دەریاوی"، "جەوشەن"، "میك"و "باینجان" ئاگادار کراونەوە کە لە گوندەکان نەچنە دەرو ئەو ٥ ڕۆژە نەچنە مەزراکانیان.

شایانی باسە سوپای هەمزە لە گرووهی بە ناو زەربەتی "میرەدێ" بەشداری ئەم مانۆرە بوون.

## جوانرۆ

### دۆستێکی نزیکی حیزبی دێموکرات گیانی لە دەست دا

ڕێکەوتی ٢٤ی گەلاوێژ دۆستێکی نزیکی حیزبی دێموکرات بە ناوی حوسێن عەزیزی سفەت (تەمەن ٣٠ ساڵ) لە ڕووداوێکی پێکدادانی ئوتومبیل دا لە ڕێگای قەزوێن گیانی لە دەست دا. شایانی باسە ناوبراو لەبەر نەبوونی کار لە ناوچەی خۆیان بۆ کار کردن ڕووی کردبووە شارەگەورەکانی ئێران بەم بۆنەیەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵەو کەسوکاری دەکەین.

## شنۆ

### لە ئاکامی دەسرێژ لە ماشینێکی هێزەکانی ڕێژیم ١٠کەس کوژرانو بریندار بوون

لە ئاکامی دەستڕێژی چەند کەسی نەناساراو ١٠ کەس لە هێزەکانی ڕێژیم کوژراونو بریندار بوون

کاتژمێر ٩ی ئێوارەی ٢٤ی گەلاوێژ لە جادەی سینگان لە نزیك شاری شنۆ ماشێنێکی دوو کابینی هێزەکانی ئینتیزامی کەوتنە بەر دەستڕێژی چەند کەسی نەناسراوو لە ئاکامی دا بە پێی دوایین هەواڵ ١٠ کەس کوژراونو بریندار بوون.

### بەهۆی تەقەی هێزەکانی ڕێژیم، کاسبکارێك بریندار بوو.

ڕێکەوتی ٢٢ی گەلاوێژ لەسەر جاددەی شنۆ- پیرانشار هێزەکانی ڕێژیم دەستڕێژیان لە کاسبکارانی گوندی گەڵەزیان کردوە لە ئاکام دا شۆفێری ماشێنەکە بە ناوی خالید بەتوندی بریندار بووە. پاش ڕاگوێزانی ناوبراو بۆ نەخۆشخانەی شنۆ لەبەر سەختیی برینەکەی ناردرا بۆ ورمێ.

## دێوڵان

### هێزەکانی ڕێژیم چوار کەسیان دەستگیر کرد

سەر لە ئێوارەی ڕۆژی ٢٤ی گەلاوێژ هێزێکی زۆری ڕێژیم پەلاماری ئاوایی بلۆاناوای ناوچەی لەیلاخی دێوڵانیو قورەوەی داوەو بە توندی هەموو شوێنەکانی ئاوایی خستۆتە ژێر چاوەدێرییەوە.

بە پێی هەواڵ ئەم هێزی ڕێژیم تا ئێستا چوار کەس لە خەڵکی ئاوایی دەستبەسەر کردوون کە ناوەکانیان بریتین لە: سەلاح کوڕی شەهید محەمەد حاجی،٢ـ عەتا کوڕی شەریف ٣ـ مەلا عەلی کوڕی محەمەد ئەمین، ٤ـ خوسرەو کوڕی حەبیب.

شایانی باسە هێزەکانی ڕێژیم بۆ بەرگرتن لە بەڕێوەچوونی چالاکیی تەبلیغیو ئاگر کردنەوە بە بۆنەی ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان پەلاماری ئەو ئاواییەی داوەو لەوانەشە ژمارەی دەستبەسەر کراوەکانیش زیادی کردبێ.

### کۆچی دوایی هاوسەری پێشمەرگەی دێرینی حیزب

ڕۆژی ١٨ی گەلاوێژی ئەمساڵ خاتوو خەجیج ئەحمەدی، هاوسەری مام عەلی گوڵی، خەڵکی ماڵلالەر، پێشمەرگەی دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە تەمەنی ٦٠ ساڵی دا کۆچی دوایی کرد. خاتوو خەجیج ئەحمەدی هەر لە سەرەتای دەست پێکردنی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکرات لە ساڵی ١٣٥٧ داو بە دوای ئەوەی مام عەلی بوو بە پێشمەرگەی حیزب چارەنووسی لە گەڵ ژیانی خەباتکارانەی مێردەکەیو حیزبی دێموکرات گرێ دراو دواتر یەکێك لە کوڕەکانیشی بەناوی حوسێن هاتە ریزی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات، کە سەرەڕای نەخۆشیو کەم ئەندامی ساڵانێکی زۆر وەك پێشمەرگە مایەوەو ئێستاش لە دەرەوەی وڵات دەژی. دایە خەجیج بەم بۆنەیەوە وەك ئەندامانی هەموو بنەماڵە خەباتگێڕەکان تووشی ئازارو مەینەتو سەختی جۆراوجۆر هات.

"کوردستان" بەم بۆنەیەوە سەرەخۆشی لە هاوڕێی خۆشەویست مام عەلی گوڵیو ئەندامانی بنەماڵەو کەسو کاری خواڵێخشبوو دایە خەجیج دەکا.

# لە قامووسی فیمینیزم دا

ب. هانا

## لیبرالیزمی نوێ
## Neoliberalism

کۆمەڵێك سیاسەتی ئابوورییە کە لە دەوروبەری ٢٥ ساڵی دوایی دا پەرەی گرتوە. دیارە ئەم زاراوەیە بە دەگمەن بە کار دەبرێت. کاتێك سیاسەتمەداران ساماندارترو هەژاران نەدارتر دەبن دەکرێ لە هەموو جێیەك هەست بە کاریگەرییەکەی بکەین. پاشگری نوێ بەو مانایەیە کە ئێمە باسی لیبرالیزمێکی تازە دەکەین کە دیارە درێژەی هەمان قوتابخانەی ئابووریی لیبرالییە کە لە ئورووپا لە سەردەمی ئادام ئیسمیت، ئابووریزانی ئینگلیسییەوەو لەگەڵ چاپی کتێبەکەی "سامانی نەتەوەکان" لە ١٧٧٦ دا بەرەوی پەیدا کرد. ئەم ئابووریزانەو کەسانی دیکە داواکاری هەڵوەشانەوەی دەستێوەردانی دەوڵەت لە کاروباری ئابووریدا بوون. ئەم بیروڕایانە بۆیە پێیان دەگوترێ لیبراڵ چونکە داکۆکیان لە ڕکەبەرایەتیی ئازادو بازاری ئازاد دەکرد. ئەم بیرە هەتا ١٩٣٠ درێژەی کێشاو لە سەردەمی ڕکوودی گەورە لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دا، ئەم بیردۆزیە وەك باشترین سیاسەت بۆ سەرمایەداری چووە ژێر پرسیارو بەرەبەرە دەستێوەردانی دەوڵەت بە مەبەستی دابینکردنی ئاسوودەیی گشتی بە شێوەیەکی بەربڵاو قبووڵ کرا. بەڵام قەیرانی سەرمایەداری لەم ٢٥ ساڵەی دوایی داو، دابەزینی سوودەکانی، بژاردەکانی دنیای بازاری هێنایە سەر بیری زیندوو کردنەوەی لیبرالیزمی ئابووری.



فێمینیستەکان جیاوازییەکی گەورە لە نێوان سیاسەتی لیبراڵیو ئابووریی لیبراڵی دادەنێن. ئەم جیاوازییە زۆر جار لە لایەن ڕاگەیەنەکانەوە، خەوشەدار دەکرێ.

خەریکبوون بە پرسە کۆمەڵایەتییەکانو خستنە ڕووی ڕێگای پێشکەووتوانەو گونجاو بۆ بەرەوپێش بردنیان، سیاسەتێکی لیبراڵییە کە لەگەڵ ڕێگاگەلی کۆنەپارێزانەو دەستەڕاستی لە دژایەتی دایە. کاتێك باسی لیبرالیزمی ئابووری دەکەین، بە زۆری مەبەستمان ئازادیی سەرمایەو بازارە.

سیاسەتمەدارانی کۆنە پارێز لەوانەیە بە جیددی داکۆکی لە ئابووریی لیبراڵی بکەن. بەڵام بێگومان لایەنگری لە سیاسەتی لیبراڵی ناکەن. ئێلیزابێت مارتێنزو ئارنۆڵدۆ گارسیا لە "لیبرالیزمی نوێ چیە؟" دا مەسەلەکە بەم جۆرە ڕوون دەکەنەوە: دەکرێ زاراوەی لیبرالیزم وەك ئاماژە بە هزرە سیاسی، ئابووریو تەنانەت ئایینیکەیان بێنینو لیبرالیزمی سیاسی لە ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ پشتگیری لە تێکهەڵچوونە کۆمەڵایەتییەکان بووەو، لە ڕوانگەی هەژارانو کرێکارانەوەو بەراورد لەگەڵ سیاسەتی کۆنەپارێزانە یا دەستی ڕاستیانە، بە سیاسەتێکی تا ڕادەیەك پێشکەوتنخوازانە دادەنرێ، لیبرالیزمی ئابووری جیاوازە. ئەو سیاسەتمەدارە کۆنەپارێزانەی کە دەڵێن لە لیبراڵەکان بێزارن، واتە لیبراڵە سیاسی یەکان هیچ گرفتێکیان لەگەڵ لیبرالیزمی ئابووریو یەك لەوان لیبرالیزمی نوی دا نیە.

(Martinez, Garcia, 1997)

سەرچاوەك کتێبی فرهنگ نظریەهای فمنیستی

نووسینی: مەگی هامو سارا گەمبل

وەرگێرانی بۆ فارسی: فیروزە مهاجر، نوشین احمدی خراسانی، فرح قرەداغی

لاپەرەکانی ٣٠٠و ٣٠١

# لە دەوری ئاڵای حیزبی دیموکراتی کوردستان کۆببنەوە


# KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party - Iran
No: 468 21 Aug 2007

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ـ ئێران، ڕۆژنامەی "کوردستان"و رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
Email:
info@ kurdistanukurd.org info@ kurdistanukurd.com
تەلەفۆنی تەشکیلاتی نهێنی: ٠٠٩٦٤٧٧٠١٩٠١٦٥٨

www.radiokurdistan.net
Email:
dengikurdistan@ gmail.com Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 00 9647701597268


## بە بۆنەی کۆچی ناوەختی کەسایەتیی سیاسیی ناسراوی کورد بەهائەدین ئەدەبەوە



بەداخ و کەسەرێکی زۆرەوە ڕۆژی پێنج شەممە ١٦/٨/ ٢٠٠٧ هەواڵی کۆچی دوایی موهەندیس بەهائەدینی ئەدەبمان پێگەیشت.

موهەندیس ئەدەب کەسایەتییەکی ناسراو و خاوەن نفووزی شاری سنە بوو کە توانیبووی لە ئاستی کوردستان و تەنانەت ئێرانیشدا وەك کەسایەتییەکی سیاسی و دڵسۆزی نەتەوەکەی ڕۆڵ بگێڕێت و لە کەشوهەوای داخراوی سیاسیی ئێراندا لە کەمترین مەجالەکان بۆ خزمەت بە کوردو نیشتمانەکەی کەڵك وەربگرێت.

موهەندیس ئەدەب لەشاری سنەی بژاردەپەروەرو بنەماڵەیەکی ناسراوو جێگای متمانەی خەڵك چاوی بە دنیا هەڵێناو پاش بڕینی قۆناغە سەرەتاییەکانی خوێندن لە زانکۆ وەرگیراو توانی پلەی ماستەر واتە فەوقی لیسانس لە بەشی ئەندازیاری بینا سازی وەرگرێ و لە بەریتانیا درێژە بە خوێندن بدات. ناوبراو پاش تەواو کردنی خوێندن وەك ئەندازیارێکی شارەزاو دڵسۆز قۆڵی لە خزمەتکردنی خەڵکەکەی هەڵماڵی و کۆمەڵێك پۆستی گرینگی وەك سەرۆکی ڕێکخراوی ئەندازیارانی ئێران و سەرۆکی فیدراسیۆنی بەسکتباڵی ئێرانی بە ئەستۆوە گرت. لە ١٥ ساڵی ئاخری ژیانیدا موهەندیس ئەدەب بە کردەوە رووی لەبواری سیاسی کردو لە دوو دەورەی ٥ و ٦ی مەجلیسی شورایئیسلامیی ئێران دا وەك نوێنەری شارەکانی سنەو کامیاران و دیواندەرە هەڵ بژێردراو بە تایبەت لە دەورەی شەشەمدا بوو بە ژێدەری کۆمەڵێك خزمەتی بەرچاو بە پرسی نەتەوەکەی. پێکهێنانی فراکسیۆنی کورد بە هەوڵ و تێکۆشانی ئەو یەکێك لەو هەنگاوە بەکەڵکانە بوو. لووتکەی ڕووبەڕوو بوونەوەکانی ئەدەب لە گەڵ کۆماری ئیسلامی کاتێك بوو کە لە هەڵبژاردنەکانی دەورەی حەوتەمی پارلەماندا ڕەدی سەلاحییەت کرایەوە. پاش ماوەیەکیش بە پێکهێنانی بەرەی یەکگرتووی کورد هەوڵێکی دیکەی بۆ خزمەت بە بەرەو پێشبردنی کێشەی گەل و نەتەوەکەی دەست پێ کرد. جگە لەمانەش موهەندیس بەردەوام دۆست و یارمەتیدەری بزاوتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کوردو هێزە سیاسییەکانی کوردستان بووو تا دوایین چرکەی ژیانی، ڕەخنەگرێکی بەهێزی ڕژیمی ئێران بوو.

بەداخەوە مەرگ مەجالی خزمەتی زیاتری بەم مرۆڤە دڵسۆزو کوردە وڵاتپارێزە نەداو شەوی چوارشەممە ١٤/٨/٢٠٠٧ پاش ماوەیەك بەربەرەکانێ لەگەڵ نەخۆشیی شێرپەنجە لە نەخۆشخانەی مێهری تاران دڵی لە لێدان کەوت.

حیزبی دیموکراتی کوردستان بەم بۆنەیەوە داخ و کەسری خۆی دەردەبڕێ و سەرەخۆشی لە بنەماڵەی بەڕێزی ئەدەب و کەسوکار ودۆستان و ئۆگرانی ئەم مرۆڤە دلسۆز و بە خزمەتە دەکا.

**کۆمیسیۆنی ڕاگەیاندنی**

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**

**٢٦/٥/١٣٨٦ ـ ١٧/٨/٢٠٠٧**

## بەڕێوەچوونی کۆڕێکی ماتەمینی بە بۆنەی چلەی کۆچی ناوادەی فەردین سادقییەوە

کوردستان و کورد: ئێوارەی ڕۆژی دووشەممە ٢٢ی گەلاوێژ، کۆڕێکی ماتەمینی بە بۆنەی چلەی کۆچی ناوادەی هونەرمەند فەردین سادقی لە لایەن ڕێکخراوی کۆبەندی گەنجی کوردستان و بە هاوکاریی گرووپی هەڵپەرکێی ڕۆژهەڵات لە هۆڵی سەنتەری گەنجانی کۆیە پێك هات.

ئەم ڕێوڕەسمە بە بەشداریی بنەماڵەی فەردینی جوانەمەرگ و هەروەها ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و خەڵکی شاری کۆیەو کۆمەڵێك ڕێکخراوی دیکە لە سالۆنی سەنتەری گەنجان لە کۆیە بەڕێوەچوو.

کۆڕەکە بە دەقەیەك بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان و هونەرمەندو پێشمەرگەی شەهید فەردین سادقی دەستی پی کردو دواتر پەیامی سەرەخۆشیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لایەن بەڕێز کاك رامبود لوتف پووری ئەندامی راوێژکاری کومیتەی ناوەندی پێشکێش کراو دواتر کوردە خان قایمەقامی شاری کۆیە وتەیەکی پێشکێش بە بەشداربووان کرد. لە درێژەی بەرنامەکانی ئەو کۆڕەدا کۆمەڵێك ڕێکخراوو کەسایەتی برووسکەی سەرەخۆشییان پێشکێش کرد. لە بەشێکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا چەند پارچە شێعرو پەخشان و مەقام خوێندرانەوە.

هەروەها لە بەشی کۆتایی ڕێوڕەسمەکەدا لە لایەن دایکی شەهید فەردین "دادە زەمانە" چەند دەسرەی سەرچۆپی بە یادگاری پێشکێش بە فەرهادی ساڵحی و گرووپی هەڵپەڕکێی ڕۆژهەڵات کرا.




## دیاری بۆ کتێبخانەی "کوردستان"

"مەزرای ئاژەڵان"و "پەروەردەکردنی منداڵانی ئازاد وسەربەخۆ" کە هەر دوویان لە ساڵی ٢٠٠٦دا چاپ و بڵاوبوونەوە لە هەر کامیان نوسخەیەك بە دیاری پێشکێشی کتێبخانەی "کوردستان" کراوە، یەکەمیان لە لایەن دۆستێکەوە و دووهەمیان لە لایەن خودی وەرگێڕەوە:

"مەزرای ئاژەڵان" ١٢٠ لاپەڕە، نووسینی جۆرج ئۆرێل ، وەرگێرانی: مەنسوور مروەتی، چاپی یەکەم: هەولێرـ ٢٠٠٦، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

"پەروەردەکردنی منداڵانی ئازادو سەربەخۆ" وێرای کۆمەڵێك بیروڕای جۆراوجۆر لەسەر بۆچوونەکانیدوکتور"نیل"، ٢٤٠لاپەڕە، وەرگێرانی لە فارسیەوە: قادر وریا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم بڵاوی کردۆتەوە.







## مرواریی دەریای وشە

ـ مرۆڤایەتی ڕووبارێکە لە ئەزەلەوە هەیە و دەڕژێتە نێو ئەبەدییەتەوە.
**(جەبران خەلیل جەبران)**

ـ ئەو کەسانە سەر کەوتوون کە ئامادەیی گۆڕان و خۆڕێکخستنیان هەبێ.
**(ئانتۆنی رابینز)**

ـ کەسایەتی لە ڕەوتی ژیان دا پێك دێ.
**(گوتە)**

ــ هەمووانت خۆش بوێ، متمانە بە ژمارەیەکی کەم بکا و خراپەی کەس مەکە.
**(شکسپێر)**

ــ هەرزانترین شت، دلۆڤانییە کە بە کارهێنانی کەمترین نارەحەتی و فیداکاری پێویستە.
**(سمایلز)**

**بەر لەماڵاوایی**

## ڕەخنە لە کاناڵی KURD لەسەر بناغەی بێخەبەری!

**قادر وریا**

دەست بەکار بوونی تەلەڤیزیۆنی KURD channelو بە تایبەتی بڵاوبوونەوەی فیلمی ڕێورەسمی بەخاکسپاردنی دوکتور عەبدولرەحمان قاسملووو عەبدوڵڵای قادری ئازەر لەو دوایییانەدا، لەگەڵ پێشوازیی گەرمی بینەرانی ئەم کاناڵە بە تایبەتی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرەوروو بوو. هەر لەم پێوەندییەدا ژمارەیەکی زۆر لە بینەران و ئۆگران بە ئیمەیل و لە پێوەندیی تەلەفۆنیدا، پیرۆزبایی و خۆشحاڵیی خۆیان بە بۆنەی دامەزرانی کورد کاناڵ ڕاگەیاندو ڕەزامەندیی خۆیان لە بڵاوبوونەوەی ئەم فیلمە دەربڕی.

دامەزرانی ئەم کاناڵە نوێیە هەروا کە بۆ زۆران مایەی خۆشحاڵی بوو، بۆ هێندێك کەسیش هەواڵێکی ناخۆش بوو. ئەوانەی حەز دەکەن خەڵك هەر دەنگی ئەوان ببیسێ و تەنیا ڕەنگی ئەوان ببینێ و، لە دەلاقەی تەسکی ڕوانگەی ئەوانەوە سەیری ڕووداوەکان بکەن، نەك هەر بە دامەزرانی ئەم تەلەڤیزیۆنە خۆشحاڵ نەبوون بەڵکوو بە شێوەی جۆراوجۆر لێی کەوتنە بەدگۆیی و سازکردنی قسەو قسەڵۆکی پووچ و سەیروسەمەرە. ئەو ئیمەیلانەی لە ژمارەیەك لەو بەرچاوتەنگو پاوانخوازانەوە بە سایتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان گەیشتوون، ئەم ڕاستییە بە جوانی دەردەخەن. بەڵام مێژوو ڕەوتی بەرەوپێشچوونی خۆی لەسەر حەزو مەیلی ئەم یا ئەو کەس و لایەن پەك ناخاو ڕێگای خۆی دەپێوێ. لە پێوەندی لەگەڵ بڵاوبوونەوەی فیلمی ڕێورەسمی بەخاکسپاردنی تەرمی دوکتور قاسملووش دا تاوانێك درایە پاڵ ئەم تەلەڤیزیۆنە کە ئەگەرچی زمانی ئەو تاوانبار کردنە وەك زمانی نامە ئەلێکترۆنییەکانی کەسانێکی بە ماهییەت ناسراو، ناموحتەرەمانە نەبوو، بەڵام ناڕەواو، بەرهەمی بێخەبەریی نووسەرەکەی بوو.

کاك کاووس عەزیزی، دانیشتووی وڵاتی دانیمارك لە نووسینێکدا لە ژێر ناوی"چەواشەکاریش سنووری هەیە"، بەر لە هەموو شتێك هۆی بڵاوبوونەوەی ئەم فیلمەی بەلاوە گرنگەو دەڵێ: "ئەوە کە چ موناسیبەتێك هەبوو تا ئەو دیکۆمێنتارە بڵاو بێتەوە، لانی کەم من نازانم؟! نە ساڵرۆژی شەهید بوون بوو، نەجێژنی لە دایك بوون، نەموناسیبەتێکی‌تر". ئەگەر ئەو بەڕێزە بیری لەوە کردباوە کە ئەم تەلەڤیزیۆنە نوێیە دەنگو ڕەنگی بزووتنەوەیەکە کە شانازی بە قاسملووو خەباتەکەی و ئامانجەکانییەوە دەکا، هەروەها چەند حەوتوو دوای هەژدەهەمین ساڵرۆژی شەهید بوونی ئەو ڕێبەرە مەزنە، دەست بەکار بووەو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەروا لە حاڵ و هەوای بیرەوەریی شەهید بوونی ئەو ڕێبەرەیان دان، ئەم پرسیارەی بۆ نەدەهاتە پێش. لەمەش گرنگتر ئەوەیە ناوبراو دەزانێ ئەم فیلمە لە ئارشیڤی تەلەڤیزیونی حیزبەکەی خۆیدا هەیە، دان بەوەش دادەنێ کە وتاری مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە لەو ڕێورەسمەدا شایانی دوکتور قاسملوو بوو بەڵام لەخۆی ناپرسێ بۆچی ئەم تەلەڤیزیونە نە لە حەڤدەهەمین ساڵڤەگەرو نە لە هەژدەهەمین ساڵرۆژی تیرۆری دوکتور قاسملووو هاوڕێیانیدا ئامادە نەبوو بڵاوی بکاتەوە! ئەرێ بەڕاستی کامیان جێگای سەر سووڕمان و پرسیار هەڵگرە ئەویان یا ئەمەیان؟

مەسەلەکە زۆر ڕوونە. خەڵکی کوردستان ڕێبەرانی خۆیان خۆش دەوێ و حەزدەکەن بزانن چلۆن شەهید بوون، چلۆن بەخاك سپێردران، چ کەسانێك لە ڕێورەسمی بەخاکسپاردنەکەیان دا بەشدار بوون و، ئەوانەی دۆستان و دوژمنانیان لە بەردەوامیی خەبات و درێژەدرانی ڕێگای ئەو ڕێبەرانە دڵنیا کردەوە، چ کەسانێك بوون. هەر ڕاگەیەنێکیش لەم بارەیەوە ئەمینتر بجوولێتەوە و ڕاستی‌یەکان بێ‌سانسۆرو چۆن هەن، ئاوا نیشان بدا، پتر متمانەی خەڵك ڕادەکێشێ.

بەڵام کاك کاووس عەزیزی لە پاڵ وروژاندنی ئەم پرسیارەدا، ئامادەکارانی دەقی فیلمی ئەم ڕێورەسمە بە "چەواشەکاری" تاوانبار دەکا، ئەویش چەواشەکارییەکی بێ‌سنوور! بنەمای ئەم تاوانبار کردنەی ناوبراو ئەوەیە کە ناوی حیزبی دیموکرات لەو کاتەدا کە دوکتور قاسملووی تێدا شەهید بوو، "حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران"بوو. بەڵام لە فیلمەکەدا "هەرکات ناوی حیزب هاتوە بەشکڵی دڵخوازی ئیمرۆ هاتوە نەك کاتی شەهیدبوونی ئەو ڕێبەرانەدا"!

سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە ناوبراو دەزانێ قسەکانی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە لە کاتی بەخاکسپاردنی تەرمی د.قاسملووو کاك عەبدوڵڵا قادری ئازەر لە ژمارە ١٥٢ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا هاتوە. بەڵام خەبەری نیە کە مامۆستا هەر لەم وتارەیدا ئەگەر جارێك گوتوویەتی "حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران"، دووجار وتوویە "حیزبی دیموکراتی کوردستان". تەنانەت لە بەیاننامەی کومیتەی ناوەندیی حیزب بە بۆنەی شەهیدبوونی دوکتور قاسملووشەوە کە ئەویشیان مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە نووسیویەێتی، دووجار ناوی حیزب وەك "حیزبی دیموکراتی کوردستان" هاتوە. تەنانەت لە دەسپێکی ئەو ڕاپۆرتەشدا کە لە "کوردستان" ژمارە ١٥٢دا لە بارەی ڕێورەسمی بەخاکسپاردنی ئەو شەهیدانەوە بڵاوبۆتەوەو "کورد کاناڵ" بەشی زۆری دەقەکەی خۆی لەو وەرگرتوە، ناوی حیزب وەك "حیزبی دیموکراتی کوردستان" هاتوە! ئەو بەڕێزە ـ کە وادیارە ژمارەکانی ڕۆژنامە یا ژمارە ١٥٢ی "کوردستان"ی لەبەردەستە ـ ئەگەر هەستی بەم نموونانەو چەند نمونەی دیکە نەکردوە کە دوایە ئاماژەیان پێ‌دەکەم، لە بێخەبەری‌دا دەژی. بەڵام بێخەبەرییش سنووری هەیە! ئەگەر ئەمانەی دیون و بە ئەنقەست پشتگوێیان دەخا، هەر بۆ ئەوەی تاوانێك بداتە پاڵ کاناڵی KURD، ڕاست کارێك دەکا کە بۆخۆی ناوەی ناوە "چەواشەکاری".!

حیزبی دیموکرات هەتا حیزبێکی یەکگرتوو بوو، ئەگەرچی بە پێی پێڕەوە نێوخۆکەی ناوی "حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران" بوو، بەڵام ڕێبەران و تەبێژان و نووسەرانی ئازاد بوون لەوەدا کە بە "حیزبی دیموکرات" ناوی بەرن یا بە "حیزبی دیموکراتی کوردستان" یا بە "حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران". لەسەر بەکار بردنی هەر کامێکیش لەوانە، نە قەت ڕەخنەیان لێ دەگیراو نە بە چەواشەکار ناودەبران. بەڕێز کاووس عەزیزی و ئەوانەی وەك ناوبراو ئاگایان لەم ڕاستی‌یە نیە دەتوانن بڕوانن ئەو نموونانەی خوارەوە لە قسەکانی دوکتور قاسملوودا کە من هەر بە چاوخشاندنێکی سەرپێیی تەنیا لە بەرگی ٢ی "تاڤگەی هەقیقەت"دا دۆزیومنەوە.

١ـ لاپەڕی ١٤٢، بابەتی "وتووێژ لەسەر پلینۆم"، دێڕی ٧، ٢ـ لاپەڕی ١٣٦، بابەتی "وتووێژ لەسەر پلینۆم"، چوار دێر پێش کۆتایی، ٣ـ لاپەڕی ١٥٥، بابەتی " وتووێژ سەبارەت بە سەفەری ئورووپا"، چوار دێڕ پێش کۆتایی، ٤ـ لاپەڕی ١٧٣، بابەتی وتووێژ "پاش گەڕانەوە لە ئورووپا"، دێرەکانی ١٥و ١٦، ٥ـ لاپەڕی ١٨٨، بابەتی "پەیام بە بۆنەی مانگی هێرش"، دێڕی ١٥ ، ٦ـ لاپەڕی ١٩٧، پەیام" بە بۆنەی تەواوبوونی دوو مانگی دیفاع و هێرش"، دێڕی ٣، ٧ـ لاپەڕی ،١٩٧ پەیام بە بۆنەی تەواوبوونی دوو مانگی دیفاع و هێرش، ٨ـ لاپەڕی ٢٧١، ڕاپۆرت بۆ کۆنگرەی ٥، تێکۆشانی تەشکیلاتی، پاراگرافی ٢، دێڕی٦، ٩ـ لاپەڕی ٢٩٣، وتاری میتینگی مەهاباد، پاراگرافی ٣، دێڕی ٤، ١٠ـ لاپەڕی ٢٩٥، وتاری میتینگی مەهاباد، پاراگرافی ٤، دێڕی ١، ١١ـ لاپەڕی ٢٩٥ وتاری میتینگی مەهاباد، پاراگرافی ٦، دێڕی ١.

دەتوانم لە نووسین، وتووێژو وتاری ڕێبەران، بەرپرسان و نووسەرانی ئەوکاتی حیزب کە لە ڕاگەیەنەکانی حیزبی دیموکرات دا بڵاو بوونەتەوە، دەیان نموونە بێنمەوە کە وەك ئەو نموونانەی سەرەوە لە قسەو نووسینی دوکتور قاسملوودا ناوی حیزب ، بە "حیزبی دیموکراتی کوردستان" هاتوە. جا گرنگ نیە کەسانی وەك کاك کاووس چ ناوێك لەسەر ئەم کارەیان دادەنێن. گرنگ ئەوەیە وەختایەك دوکتور قاسملوو کە خۆی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بووە، زۆرجار ئەم ئێرانەی دووپات نەکردۆتەوە. مەمانانیش ئێستا کە باسی هەمان حیزبمان کرد دەتوانین وشەی "ئێران" دووپات نەکەینەوە.

ئەگەر نیگەرانیی کاك کاووس و هاوبۆچوونەکانیشی لە پێوەندی لەگەڵ ئێستا دایە ، لەجێی خۆی‌دا نیە. چونکە خەڵکی ئێستا هەر دوو حیزبی دیموکرات نەك تەنیا بە "ئێران"ە کە بەڵکوو بە هەڵسوکەوت و کردەوەو بۆچوونەکانیان، لێك جیا دەکەنەوە. هەروا کە کورد کاناڵ و تیشك تی‌ڤی نەك تەنیا بە ناوەکانیان بەڵکوو بە هەڵوێست و چۆنیەتیی بڵاوکردنەوە یا سانسۆری فیلمی ڕێورەسمی بەخاکسپاردنی تەرمی دوکتور قاسملووو شتی دیکەی لەم چەشنە لێك جیا دەکەنەوە. خوێنەران دەتوانن بڕواننە لاپەڕەکانی ژمارە ١٥١و ١٥٢ی ڕۆژنامەی "کوردستان"و بە چاوی خۆیان ببینن کە ناوبردنی حیزبی دیموکرات بە "حیزبی دیموکراتی کوردستان" شتێکی زۆر ئاسایی بووە.